# مەترسیەکانی گەڕانەوەی دیکتاتـــ
# دیکتـاتـۆر بۆ سەرکوتکـــردنی



# ــۆریەت بۆ لەباربردنی دیموکراتی

# گەلەکەی سوپای گەورە بونیاد دەنێت



((لەچوارچێـوەی تیۆری دیکتاتۆریەتـی میلیتاریی، بەدواچوون لەســەر ئەوە دەکەیـن چۆن ڕژێمـە نادیموکراتەکان ســوپا بەکاردەهێنـن و چۆن ئـەم ڕەفتارە بـەرەو دەرکەوتنی دیکتاتۆریەتی میلتارییان دەبات، ڕژێمە نادیموکراتەکان پێویسـتیان بەوەیـە هێـز بەکاربهێنـن بۆئـەوەی لەدەسەڵاتدا بمێننەوە، بەڵام پەنابردن بۆ بەکارهێنانی هێز ڕەفتارێکی سیاسی نائەخلاقی بەرهەم دەهێنێت کە کێشەو گرفتەکان دەکاتە مەترسی نەک چارەسەریان بکات، سـوپای بەهێز هەموو کات وەک داردەستی دەستەبژێری سیاسـی کارناکات، بەڵکو زۆرجار هەڵدەگەڕێتـەوەو لـەدژی ئەو دەسـتەبژێرەش ڕادەوەستێ بۆئەوەی ڕژێمێک بونیاد بنێت لەگەڵ ئامانجەکانـی سـوپا بگونجێـت، ڕەفتاری نا ئەخلاقی سیاسـیی بۆ بە بن بەستنی کێشەکان وا لەڕژێمـە نادیموکراتەکان دەکات زیاتر بیر لەسـەرکوتکاری بکەنەوە، ئەمەش پێویستی بەوەیە کێشێکی گەورە بدرێتە سوپا و لەزۆر مەسەلەشـدا سازش بۆ سوپا بکرێت، بەڵام ئەگەر هاتوو ئەم سازشکردنە بەدڵی سوپا نەبـوو، ئەوا سـوپا دژی ئەو سیسـتەمە نادیموکراتیە ڕادەوەسـتێتەوە، بۆئەوەی دیکتاتۆریەتی میلیتاری دابمەزرێت.

گرنگترین دەرەنجام بۆ بوونی سوپای بەهێـز لـەو کاتـە دەردەکەوێـت کە هەنگاو بۆ گواستنەوە بەرەو دیموکراتی هەڵدەگیرێـت، لـەم قۆناخەدا ئەگەر سوپای بەهێز بوونی هەبێت، هەتا ئەو کاتەی ڕیفۆرم لەدامەزراوەی سوپا نەکرێت، ئەوا سوپا هەموو کات وەک هەڕەشەی کودەتایەکە لەسـەر دیموکراتیە تازەکە، هەربۆیە مەزندەکان بەوجۆرەن ئەگەر ڕیفۆرم لەدامەرزاوەی سـوپا نەکرێت، ئەوا ڕەفتارەکانی داهاتووی سوپا کودەتا بەسەر حکومەتە دیموکراتیەکە دەکات.

لەڕژێمـە نادیموکراتیەکانـدا نەبوونی دادپـەروەری هۆکاریکە بۆ بیرکردنـەوە لەبەکارهێنانی سـوپا، بەڵام لەدەسـپێکی بونیادی دیموکراتـی، نەبوونی دادپەروەری دەبێتـە هۆکاری ئەوەی حکومەت نەتوانیت ڕێگە لەکودەتا بەسـەر دیموکراتی بگرێت، هەربۆیە لەڕژێمە نادیموکراتەکاندا کاتێک ناتوانن کێشـەکان چارەسـەر بکەن و کێشـەکان خۆیان دەبنە مەترسی، ئەوا ئەم حاڵەتە کەناڵێک دەکاتەوە بۆئەوەی دیکتاتۆری سـەربازی دروست بێت، هەروەها ئێمە لەم توێژینەوەیە گەیشـتووینەتە ئەوەی بوونی داهاتێکی گەورەی سـەرچاوەی سروشتی ئەگەرێکی نزیکە بۆئەوەی کودەتا بەسـەر دیموکراتیدا بکرێت، ئەم داهاتە بۆ سیستەمە نادیموکراتیەکان کاریگەریەکی خراپی لەسـەر هاوسەنگی سیاسـی دەبێت، لەبەر ئەوەی کاتێک داهاتی سەرچاوەی سروشتی زۆر بوو، ئەوا سەرکوتکاری دەبێتە توخمێکی پەسـەند بەدەست دەستەبژێری سیاسیەوە و، ئەو ڕەفتارە نا ئەخلاقیانەی دەستەبژێری سیاسی دەیکەن، بەسەرچاوە سروشتیەکە پەردەپۆشی دەکەن)).

((تیۆری دیکتاتۆریەتی ملیتاری))

دارۆن ئەسیمئۆغلۆ، داڤید تیکچی، ئەندیرا ڤیندجینی

**سوپای بەهێز هەموو کات وەك داردەستی دەستەبژێری سیاسی کارناکات، بەڵکو زۆرجار هەڵدەگەڕێتەوەو لەدژی ئەو دەستەبژێرەش ڕادەوەستێ**

**لەدەسپێکی بونیادی دیموکراتی، نەبوونی دادپەروەری دەبێتە هۆکاری ئەوەی حکومەت نەتوانێت ڕێگە لەکودەتا بەسەر دیموکراتی بگرێت**

**بوونی داهاتێکی گەورەی سەرچاوەی سروشتی ئەگەرێکی نزیکە بۆئەوەی کودەتا بەسەر دیموکراتیدا بکرێت**

تیۆری دیکتاتۆریەتی میلیتاریی (A Theory of Military Dictatorships) کە یەکێکە لەتوێژینەوەکانی ئامۆژگای دیراساتی کار و بازاڕ (IZA) لەزانکۆی بۆن لەئەڵمانیا، مەترسیەکانی سەرهەڵدانی مۆنۆپۆلکردنی دەسەڵات لەلایەن دەستەبژێرێکی کەمەوە دەخاتە ڕوو، هەروەها مەترسی وەرچەرخانی ئەم سیستمە بۆ دیکتاتۆریەتی سەربازی تاوتوێ دەکات، هەربۆیە لەم توێژینەوەیەدا هەندێك خاڵی گرنگیان دیاری کردووە، کە گرنگە هەڵوەستەیان لەسەر بکرێت:

١- ئەو ڕژێمانەی نادیموکراتین و دەیانەوێت وەك سیستمێکی مەدەنی پەرلەمانی خۆیان پیشان بدەن، پەنا بۆ بوینادی سوپایەکی بەهێز دەبەن بۆئەوەی لەدەسەڵاتدا بمێننەوە، بەواتایەکی تر دەیانەوێت، بەپشتی ئەو سوپایە هەموو ئەو ئامانجەی دەستەبژێری حکومڕان هەیەتی جێبەجێ بکەن.

٢- بۆئەوەی هەموو کات سوپا ئامانجەکانی دەستەبژێری سیاسی نێو سیستمە نادیموکراتیەکان جێبەجێ بکات، ئەوا پێویستە دەستەبژێری سیاسی حکومڕان، ئامانجەکانیان لەگەڵ ئامانجەکانی سوپا یەکبگرێتەوە، لەم حاڵەتەشدا پێویستە دەستەبژێری سیاسی نەرمی لەبەرامبەر سوپا بنوێنێت، بەپێچەوانەوە، سوپا دژی دەستەبژێرەکە ڕادەوەستێت و کودەتا بەسەریاندا ئەنجام دەدات، ئەمەش وەك چۆن پەروێز موشەرەف کودەتای بەسەر نەواز شەریف لەکۆتایی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو ئەنجامدا.

٣- ئەم نەرمی نواندن و سازشکردنەی دەستەبژێری سیاسیی بۆ سوپا، دەبێتە هۆکاری ئەوەی بەشێوەیەکی نائەخلاقیانە مامەڵە لەگەڵ کێشەکان بکرێن و لەبری ئەوەی هەوڵەکان بۆ ئەوەبن کێشەکان چارەسەر بکرێن، ڕەفتاری نا ئەخلاقی دەستەبژێری سیاسیی حکومڕان کێشەکان ئاڵۆزتر دەکات و دەیگەیەنێتە ئەو ئاستەی مەترسی لێ بکەوێتەوە.

٤- کاتێك کێشەکان ئاڵۆز دەبن و دەگەنە ئاستی ئەوەی وەك مەترسی سەیر بکرێن، ڕەفتاری نائەخلاقی دەستەبژێری سیاسیی، بیر لەوە دەکاتەوە چۆن پەنا بۆ هێز بەرێت و بەشێوەی سەرکوتکار کێشەکان بەبێ چارەسەرکردن پەردەپۆش بکات.

ئەم خاڵانەی ئاماژەمان پێکردن تایبەت نین بەهیچ سیستمێکی سیاسیی، بەڵکو هێڵە گشتیەکانی تیۆرێکی سیاسیە کە هەنگاو هەڵگرتنی بەرەو سەرکوتکاری و دیکتاتۆریەتی پێ دەناسرێتەوە و هەروەها مەترسیەکانی ڕژێمێکی نادیموکراتیە کە مەترسی ئەوەی لێدەکرێت بەرەو دیکتاتۆریەتی سەربازی هەنگاو هەڵبگرێت، بەڵام پرسیار ئەوەیە ئایا تەنیا لەڕژێمە نادیموکراتەکاندا ئەم حاڵەتە وەك مەترسی هەستی پێدەکرێت، یان لەسیستمە دیموکراتیەکان بەتایبەتی لەقۆناخی ڕاگواستنیشدا ئەم مەترسیانە بوونیان هەیە؟

لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا تیۆری دیکتاتۆریەتی سەربازی ڕاشکاوانە ئاماژە بەوە دەکات، کە ئەم حاڵەتە زۆر بەڕاشکاوانەتر لەو قۆناخە دەردەکەوێت کە پێی دەڵێن قۆناخی ڕاگواستن یان قۆناخی بونیادی دیموکراتی، ئەم هەڕەشەیەش لەو خاڵەوە سەرچاوە دەگرێت، لەزۆربەی ئەو وڵاتانەی لەدیکتاتۆریەتەوە هەنگاو هەڵدەگرن بۆ دیموکراتی، بوونی سوپایەکی بەهێز بۆتە نەریت، زۆر جار ئەم سوپا گەورە و بەهێزە وەك میرات بۆ سیستمە دیموکراتیەکە دەمێنێتەوە، ئەوجا بۆئەوەی ئەم سوپا بەهێز و گەورەیە کە بەمیرات بۆ سیستمە دیموکراتیەکە ماوەتەوە نەبێتە هەڕەشە لەسەر پرۆسەی دیموکراتی، ئەوا ئەرکی یەکەمی سیستمە تازەکە بۆ بونیادی دیموکراتی دەبێتە ڕیفۆرمکردنی دامەزراوەی سوپا، بۆئەوەی سوپا وەك دامەزراوەیەکی مەدەنی نیشتمانی لەچوارچێوەی بەرگری نیشتمانیدا سیستمە دیموکراتیەکە لەسەر ئاستی دەرەکی بپارێزێت نەك دەست لەکاری سیاسەتی ناوەوە وەربدات، لەم ڕیفۆرمەدا دوو خاڵ زۆر گرنگن کە بریتین لە:

١- لەسیستمە نادیموکرات و دیکتاتۆریەکاندا، سوپا میکانیزمێکە بۆ چارەسەرکردنی کێشەو گرفتە ناوخۆییەکان، بەزەبری هێزی سوپا ڕژێمە نادیموکرات و دیکتاتۆرەکان خۆیان لەدەسەڵاتدا دەهێڵنەوە، هەربۆیە ئەگەر ئەم فەرهەنگ و کەلتورەی سوپا نەگۆڕێت و ڕۆڵی سوپا لەچوارچێوەی ئەرکی بەرگری نیشتمانی پێناسە نەکرێتەوە، ئەوا سوپا هەموو کات دەبێتە هەڕەشە بۆئەوەی کودەتا بەسەر دیموکراتیە تازەکەدا بکات، هۆکاری سادەش بۆ ئەم کودەتایە ئەوەیە کە لەکۆمەڵگەی دیموکراتی کێشەو گرفتەکان بەزمانی دیالۆگ چارەسەر دەکرێن، بەڵام سوپا بەزەبری هێز سەرکوتیان دەکات، ئەوجا کە دیالۆگ گۆڕا بۆ سەرکوتکردن، مانای ئەوەیە کودەتا بەسەر دیموکراتیەتدا کراوە.

٢- لەهەندێك وڵاتدا، بەتایبەتی وەك عێراقی دوای ڕژێمی سەدام حوسێن و بەعس، هێزی هاوپەیمانان بۆئەوەی عێراق لەمەترسی گەڕانەوەی دیکتاتۆری دووربخەنەوە، سوپای

**لەزۆربەی ئەو وڵاتانەی لەدیکتاتۆریەتەوە هەنگاو هەڵدەگرن بۆ دیموکراتی، بوونی سوپایەکی بەهێز بۆتە نەریت**

**لەسیستمە نادیموکرات و دیکتاتۆریەکاندا، سوپا میکانیزمێکە بۆ چارەسەرکردنی کێشەو گرفتە ناوخۆییەکان**

**هیچ هێزێك نییە بتوانێت ناسنامەی کوردستانی لەکەرکوك دابماڵێت و کەرکوك نەگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان**

**ئەو ڕژێمانەی نادیموکراتین و دەیانەوێت وەك سیستمێکی مەدەنی پەرلەمانی خۆیان پیشان بدەن، پەنا بۆ بونیادی سوپایەکی بەهێز دەبەن بۆئەوەی لەدەسەڵاتدا بمێننەوە**

**سەرۆك وەزیرانی ئێستای عێراق زۆر لەکودەتا دەترسێت، ئەم ترسەش وایلێکردووە لەسەر پرۆسەی دیموکراتی عێراق ئۆقرە نەگرێت و کاری توندوتیژی لەدەرەوەی دەستوور بکات**

**ئەو خەیاڵەی نوری مالیکی هەیەتی کە بەحکومی زۆرینە دیکتاتۆریەت لەعێراقدا دروست بکاتەوە، ئەوە خەیاڵی ئەو سەرکردانەیە کە هێشتا پێیانوایە شەستەکانی سەدەی ڕابردووە**

پێشووی ڕژێمی سەدام حوسێنیان هەڵوەشاندەوە، بۆئـــەوەی بەفەرهەنــگ و کەلتورێکـــی نیشتمانی تازە لەســـەر بنەمای هاوسەنگی پێکهاتە سەرەکیەکانی عێراق، سوپا بۆ ئەرکی بەرگری نیشتمانی بونیاد بنرێتەوە، بەڵام لەبەر ئـــەوەی فەرهەنگ و کەلتـــوری بونیادنانی سوپا گۆڕانکاری بەســـەردا نەهاتبوو، بۆیە هەوڵەکان بەو ئاراســـتەیە بـــوون کە بەهەمان ڕیتمی ڕژێمی پێشوو سوپایەکی گەورە بونیاد بنرێتەوە، جیاوازی ئەم ســـوپایەی ئێســـتای عێراق لەگەڵ سوپای ڕژێمی پێشوو ئەوەیە، ســـوپا لەڕژێمی پیشـــوودا تەنیا گوێڕایەڵی ســـەرۆکی فەرماندەبوو، ئێستاش هەوڵدەدرێت سوپا بەدەست یەك کەســـەوە هەڵبسورێت کە ئەویش شەخسی ســـەرۆك وەزیرانی ئێستای عێراقە.

**مانۆڕی نمایشکردنی بازووی سوپا وەك هەنگاوی یەکەمی ڕاگەیاندنی دیکتاتۆریە**

پێـــش ئـــەوەی هێزەکانی ئەمریـــکا لەعێراق بکشـــێنەوە، مەزندەی پســـپۆران و تۆژەرانی نێودەوڵەتـــی بەوجۆرە بوو عێراق بەرەو ســـێ ســـیناریۆی خراپ هەڵدەگرێت، کە هەر سێ سیناریۆکە ئاییندەی عێراق تاریك دەکەن، ئەو سێ ئەگەرە یان ئەو ســـێ سیناریۆیە بریتی بوون لە:

١- ســـەرهەڵدانی دیکتاتۆرێکـــی تازە، واتە ســـەرۆك وەزیرانی ئێســـتای عێـــراق ببێتە دیکتاتۆر.

٢- دووبارە هەڵگیرســـانەوەی شەڕی ناوخۆ، ئەمەش واتە شەڕی مەزهەبی نێوان عەرەبی شیعە و سوننە وەك ساڵانی دوای ٢٠٠٣-٢٠٠٨ و هەتا ئێســـتاش بەشێوازی دیکە بەردەوامە، یان پاشـــگەزبوونەوە لەمافە دەستوورییەکانی کـــورد بەتایبەتـــی جێبەجێکردنـــی ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراق و گەڕانەوەی ناوچە دابڕێنـــراوەکان بەتایبەتیش کەرکوك بۆ ســـەر هەرێمی کوردستان، کە ئەمەش مەترسیەکی دیکەیە بۆ توندبوونی بارودۆخەکە.

٣- بوونـــی عێـــراق بەدەوڵەتێکـــی لاواز و فاشیل.

ئەم سێ ئەگەرە هەرکامیان لەعێراقدا ڕوودات دەبێت بەکارەســـات نەك تەنیا بۆ پێکهاتەکانی عێراق، بەڵکو دەبێتە کارەســـات بۆ سیاسەت و بەرژەوەندییەکانـــی ئەمریـــکاش لەعێراقدا، بەڵام پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە ئایا لەم پێشـــبینیە مەزندە بۆ کراونە کامیان ئەگەری ڕوودانی پێش دوانەکەی دیکە هەبووە، بێگومان پرۆفیســـیۆر کینس پۆلاك گـــەورە تۆژەری ئامۆژگای برۆکینگز و ســـەرۆکی سەنتەری سابان بۆ دیراســـاتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەمانگـــی دیســـەمبەری ٢٠١١ و لەبەردەم کۆنگریســـی ئەمریکا ڕاشـــکاوانە ئاماژەی بەوەکرد کـــە زۆربەی چاودێران و پســـپۆران وای دەبینین کە دوای کشـــانەوەی هێزەکانی ئەمریـــکا لەعێراق، ئەگەری دروســـتبوونی دیکتاتۆرێکـــی دیکە لەئارادایە، لەبەر ئەوەی کێشـــەکانی عێراق پێمان دەڵێت ئەم دیکتاتۆرە دروســـت دەبێت، بەتایبەتی نـــوری مالیکی سەرۆك وەزیرانی ئێستای عێراق زۆر لەکودەتا دەترســـێت، ئەم ترســـەش وایلێکردووە لەسەر



**جیهان، جیهانێکی کراوەیە و کێشە نەتەوەیی و ئیتنی و ئایینی و مەزهەبییەکان چیدیکە کێشەی ناوخۆیی نین بەتەنیا، بەڵکو کێشەی سیاسەتی نێودەوڵەتین**

**هەموو ئەگەرێك لەعێراقدا ئەگەری ڕوودانی هەیە بەڵام ئەگەری گەڕانەوەی دیکتاتۆر هەتا ئەگەر بشگەڕێتەوە تەمەنی زۆر درێژ نابێت**

**هێزە سیاسییەکان توانایان هەیە بۆ دەستنیشانکردنی کەسێکی گونجاو کە ڕێز لەبەرامبەر تەوافوقاتە سیاسییەکان بنوێنێت و ڕێزی هەبێت لەبەرامبەر جێبەجێکردنی دەستوور**

پرۆسەی دیموکراتی عێراق ئۆقرە نەگرێت و کاری توندوتیژی لەدەرەوەی دەستوور بکات، بۆ ئەوەشی بتوانێت دەسەڵاتەکەی خۆی بپارێزێت هەوڵیداوە کەسە نزیکەکانی خۆی لەناو سوپا جێگە بکاتەوە، ڕاشکاوانەتر سوپا بکات بەداردەستەیەك بەدەست خۆیەوە بۆ جێبەجێکردنی مەرامەکانی.

کەواتە ئەوەی هەموو چاودێران و تۆژەران لێی دەترسان سەرەتاکانی بەتەواوەتی دەرکەوتن، بۆیە بەڕێز مسعود بارزانی وەك سەرۆکی هەڵبژێردراوی گەلی کوردستان لەپەیامی نەورۆزی ئەمساڵدا هەموو جیهانی لەم مەترسیە ئاگادار کردەوە، بەوەی عێراق بەرەو دیکتاتۆریەت دەچێت و سەرۆك وەزیرانی عێراق هەموو دەسەڵاتەکانی لەدەستی خۆی کۆکردۆتەوە، ئەمەشی ڕاشکاوانە لەهەموو دیدارەکانی لەگەڵ سەرۆك ئۆباما و جێگری سەرۆك و وەزیری دەرەوەو تەواوی بەرپرسانی ئیدارەی ئەمریکی و بە ڕای گشتی ئەمریکاو جیهانی گەیاندووە و ئەوەی نەشاردۆتەوە کە تەنیا دیکتاتۆریەت هەڕەشە لەیەکپارچەیی عێراق دەکات و عێراق بەرەو هەڵدێر و کارەسات دەبات، ئەم مەترسیەی سەرۆك بارزانی دەستنیشانی کرد لەو خاڵانەوە سەرچاوە دەگرێت کە تیۆری دیکتاتۆری ئاماژەی پێکردووە، ئەویش ئەو خاڵەیە کە سەرۆك وەزیران هەوڵدەدات سوپا بکاتە ئامرازێك بۆ چارەسەرکردنی کێشە ناوخۆییەکان، هەروەك چۆن لەسەردانی بۆ پارێزگای کەرکوك وەك پیشاندانی ماسولکەی هێزی سوپاکەی بۆئەوەی ناسنامەی کوردستانیەتی کەرکوك بشێوێنێت و دەستووری عێراق پێشێل بکات، بەپشتی سوپا نمایشێکی ناشرینی سەربازی لەو شارە ئەنجامدا. ئەمەش نیشانەی ئەوەیە سەرۆك وەزیرانی ئێستای عێراق دەیەوێت ئەو کێشەو گرفتانەی ئێستا لەنێوان هەرێم و بەغدا هەن و لەچوارچێوەی پابەندبوون بەدەستووری عێراق چارەسەریان بۆ دۆزراوەتەوە، ئاراستەی چارەسەرەکان بگۆڕێت بۆ مەترسی و بەرپابوونی توندوتیژی و دروستبوونی قەیران، ئەم حاڵەتە لەڕەفتاری هەنگاو هەڵگرتن پێی دەگوترێت (ڕەفتاری نائەخلاقی بۆئەوەی کێشەکان چارەسەر نەکرێن یان کێشەکان ببنە مەترسی -(political moral hazard problem)، ئەم حاڵەتەدا کە جۆرێك لەمەترسی سەرۆك وەزیران یان دەستەبژێری سیاسیی خۆسەپێن پیشاندەدات کە ناتوانن بەشێوازی دیالۆگ و دەستووری بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان کۆببنەوە و کێشەکان چارەسەر بکەن، هەوڵدەدەن کێشەکان ئاڵۆز بکەن و بەو ئاستەی کە مەترسی هەموو ئەگەرێکی لێ بکرێت، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە حکومەتی ناوەندی بەغدا بڕوای بەدیموکراتی نەماوەو ئامادەیە لەپێناوی ئەوەی لەدەسەڵاتدا بمێنتەوە پەنا بۆ هەموو شتێك بەرێت.


**بۆ لەم کاتەدا مالیکی سەردانی کەرکوکی کرد؟**

ئەو بارودۆخەی کەسێکی وەك مالیکی ئێستا پێیداتێدەپەڕێت، هەرچۆنێك خوێندنەوەی بۆ بکرێت لەبەرژەوەندی ئەو و حزبەکەیدا نییە، یان ئەوەتا چارەنووسی خۆی گرێدەداتەوە



**سەرۆك وەزیرانی ئێستای عێراق دەیەوێت ئەو كێشەو گرفتانەی ئێستا لەنێوان هەرێم و بەغدا هەن و لەچوارچێوەی پابەندبوون بەدەستووری عێراق چارەسەریان بۆ دۆزراوەتەوە، ئاراستەكەی بگۆڕێت بۆ مەترسی و بەرپابوونی توندوتیژی و دروستبوونی قەیران**

بەدیكتاتۆریەت كە ئێستا هەنگاوی گەورەی بۆ هەڵگرتووە، لەمەشــدا خۆی باش دەزانێ چارەنووســی دیكتاتــۆرەكان بەكوێ دەگەن، یان ئەوەتا دەبێت بگەڕێتەوە بۆ ناو پرۆســەی سیاســیی عێراق و جێبەجێكردنی ڕێكەوتنی هەولێر كە لەبەر ڕۆشــنایی ئەو ڕێككەوتنە نەك هــەر حكومەت، بەڵكو ســەرۆكایەتی كۆمار و سەرۆكایەتی پەرلەمانیشی یەكلایی كردۆتەوە، بۆیە مالیكی ئێستا لەدووریانێكدایە بەهەر لایەكدا بڕوات دەبێت پۆستەكەی بەجێ بهێڵێت و، نەك هەر ئەمەش دەبێت پرۆســەی سیاسیی عێراقیش ڕێكبخرێتەوە و هاوسەنگی بۆ سوپا و هێزەكانی ئاسایش بەپێی قەوارەی پێكهاتەكانــی عێراق بگەڕێتــەوە، بۆیە لەم چوارچێوەیــەدا ئەگــەر مالیكــی پێیوایە بەئەنجامدانی مانۆڕی سەربازی و سیاسیی و خۆدزینەوە لەڕێككەوتنەكان و مامەڵەكردن بەو شــێوەیەی تەنیا ئەو برگانــە جێبەجێ بكات كــە لەبەرژەوەنــدی خۆیدایەتی، ئەوا هیــچ گومانی تێدانییــە عێراقیەكان لەپێش هەمووانەوە شیعە ئەوجا كورد و ئینجا سوننە جارێكی دیكە ڕێگە نادەن دیكتاتۆرێكی دیكە لەعێراقدا زیندوو بێتەوە، كە دەشڵێن جارێكی دیكە ڕێگە نادرێت دیكتاتۆر لەعێراق زیندوو بێتەوە، ئەمە هەڕەشــە نییە بۆ هیچ كەسێك، بەڵكو هەڕەشــەیە بــۆ هــەر دیكتاتۆرێك، سلۆبۆدان میلۆسۆڤیچ خوێنێكی زۆری ڕشت بۆئەوەی دیكتاتۆریەتەكەی لەیوگســلافیای پێشوو بەردەوام بێت، كۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش زۆر تكایان كرد و زۆریــش میانگیریان كرد بۆئەوەی میلۆســۆڤیچ بێتــە هۆش خۆی و یوگســلافیا ڕزگار بكرێت، بەڵام ماوەیەكی هێنــدە دوور نییە و هەموومــان لەیادمانە، نــە دەوڵەتێك بەناوی یوگســلافیا لەســەر نەخشــەی جیهان مایەوە نە میلۆسۆڤیچیش



توانی لەســەر كورسی دەســەڵات بمێنێتەوە، بەپێچەوانەوە میلۆســۆڤیچ ڕەوانەی دادگای باڵای تاوانەكانی جەنگ كرا و یوگسلافیاش بۆ ســربیەكان تەنیا كۆماری سربیا مایەوە و نەتەوەكانی دیكە جیابوونەوە، ئەمە پەندێكی باشە بۆ سەرۆك وەزیرانی عێراق ئەگەر سوودی لێوەربگرێت، لەبەر ئەوەی تەنیا ڕێگەیەك كە عێراق بەیەكپارچەیی بهێڵێتەوە، جێبەجێكردنی ئەو دەستوورییە كە زیاتر لە٪٨٠ی عێراقیەكان دەنگیان پێداوە، ئەم دەستوورەش لەگەڵ ئەوەی دەقێكــی پیــرۆز نییە، بــەڵام تایبەتمەندی پێكهاتە جیاوازەكانی عێراقی بەجۆرێك دیاری كردووە، هەر پێكهاتەیەكی لەهەڕەشەی زۆرینە پاراســتووە، بۆیە ئەم دەســتوورە هەرچۆنێك هەمــوار یــان پێداچوونــەوەی تێدابكرێت، عەرەبی شــیعە كە زۆرینەیــە تەنیا دەتوانێت گۆڕانكاری لەو برگــە و ماددانە بكات كە پێوەندی بەشــیعەوە هەیە و عەرەبی ســوننە و كوردیــش بەهەمان شــێوەیە، ئەم گەرەنتی پاراستنی نەتەوەو پێكهاتە جیاوازەكانی عێراق لەهەڕەشــەی زۆرینە بۆتە پارســەنگێك كە هیچ پێكهاتەیەك نەتوانێ هەڕەشــە لەســەر پێكهاتەیەكی دیكە دروست.

لێرەوە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەردانی هەفتەی ڕابــردووی نــوری مالیكی بــۆ كەركوك و هەوڵدانی بۆئەوەی پیشانی بدات كە كەركوك تەنیا ناســنامەیەكی عێراقــی هەیە و بەس، ئەمە خۆی لەخۆیــدا مانۆڕێك بوو بۆئەوەی پیشانی بدات ئەو دەتوانێ دەرگای دیالۆگ دابخات و بەزەبری هێز ناســنامەی عێراقی بەســەر كەركوكدا بســەپێنێت، ئەم هەوڵە كە بێگومان بەهەوڵێكــی بێ ئاكام و مایەپووچ دەچێت، نیشــانەی ئەوەیە كە نوری مالیكی نەســوودی لەئەزموونی ڕژێمەكانی پێشووی عێراق وەرگرتووە كە لەســەردەمی شــەڕی سارد و دەوڵەتی داخراودا هەموو هۆكارێكیان تاقیكردەوە تا گەیشــتنە بەكارهێنانی گازی كیمیایی و پرۆســەكانی ئەنفــال، نەیانتوانی ناسنامەی كوردســتانی لەكەركوك دابماڵن، نە سوودیشی لەئەزموونی سیاسی حزبەكەی



خۆی حزبی دەعوای ئیسلامی وەرگرتووە کە لەو راستیە تێبگات دیکتاتۆریەت لەم سەردەمە بۆ هیچ لایەك ناچێتەسەر، بۆیە ئەگەر نوری مالیکی سوودی وەربگرتایە، ئەوا لانی کەم دەیزانی کە هیچ هێزێك نییە بتوانێت ناسنامەی کوردستانی لەکەرکوك دابماڵێت و کەرکوك نەگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان، عێراق چۆن لەماوەی سەد ساڵی رابردوو سەقامگیری بەخۆیەوە نەبینیووە، ١٠٠ ساڵی دیکەش سەقامگیری بەخۆیەوە نابینێت، بەڵام پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە ئایا هاوکات لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی جیهان و گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە و وڵاتانی عەرەبی، ئایا تاچەند سیاسەتی نێودەوڵەتی بەگشتی و ئەمریکا بەتایبەتی رێگەدەدات دیکتاتۆریکی دیکە لەعێراقدا زیندوو بێتەوە؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا زۆربەی چاودێران پێیانوایە کە گەڕانەوەی دیکتاتۆریەت بۆ عێراق هەم لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی قبوول ناکرێت و هەمیش لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، هەر بۆیە مالیکی چەند هەوڵبدات بەرێگەی خۆسەپاندن ئەمری واقیعی دیکتاتۆری بەسەر کورد و عێراقیەکاندا فەرز بکات، ئەوا سەرەنجام تەمەنی زۆر لەوە کورتتر دەبێت کە خۆی مەزندەی دەکات و عێراق دەگەڕێتەوە ئەو قۆناخەی کە هەنگاوی جددی بۆ راستکردنەوەی پرۆسەی سیاسی هەڵبگیرێت، لەمجۆرە:

١- ئەو خەیاڵەی نوری مالیکی هەیەتی کە بەحکومی زۆرینە دیکتاتۆریەت لەعێراقدا دروست بکاتەوە، ئەوە خەیاڵی ئەو سەرکردانەیە کە هێشتا پێیان وایە شەستەکانی سەدەی رابردووە و سەروەریی دەوڵەت ئەوەندە پیرۆزە لەچوارچێوەی ئەو دەوڵەتە هەرشتێك بکەن لێیان قبووڵ دەکرێت، بۆیە گرنگە بزانرێت کە ئەمرۆ نەك دەوڵەت بەڵکو جیهان، جیهانێکی کراوەیە و کێشە نەتەوەیی و ئیتنی و ئایینی و مەزهەبیەکان چیدیکە کێشەی ناوخۆیی نین بەتەنیا، بەڵکو کێشەی سیاسەتی نێودەوڵەتین.

**ئەگەر مالیکی هاوکار نەبێت بۆ جێبەجێکردنی ماددەی١٤٠، کورد بەدیلی دیکەی دەبێت هەروەك چۆن پێکهاتە جیاوازەکانی یوگسلافیای پێشوو بەدیلی دیکەیان هەبوو سەرەنجامیش کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی رێزی لەئیرادەو بەدیلی نەتەوە جیاوازەکانی یوگسلافیای پێشوو گرت**

٢- عێراق وەك دەوڵەتێکی هاوچەرخ بەپێی دەستوورەکەی، پێویستە وەك دەوڵەتێکی فرەیی و فیدراڵی و پەرلەمانی و مەدەنی بونیاد بنرێتەوە، هەریەك لەم چەمکانە کە بۆ دەوڵەتی تازەی عێراق ریز کراون، مانایەکی تایبەتی هەیەو، یان دەبێت هەموو ئەم چەمکانە لەپێناسەی عێراقی تازە بکرێتەوە و عێراق وەك دەوڵەتێکی سەنترالی دیکتاتۆری دابمەزرێتەوە، یان ئەم چەمکانە نایەڵن جارێکی دیکە لەعێراقدا دروست بێتەوە.

٣- ئەگەر عێراق وەك دەوڵەتێکی فیدراڵی بونیاد بنرێتەوە، ئەوا ئەمە مانای ئەوەیە حکومەتی فیدراڵی ناوەند دەسەڵاتەکانی سنووردار دەبن و دەسەڵاتی حکومەتە لۆکاڵ و هەرێمیەکان فراوانتر دەبێت، ئەم پرۆسەی دابەشکردنی دەسەڵاتە لەنێوان حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی لۆکاڵەکان، مانایەکی گرنگی هەیە، ئەویش پێناسەکردنەوەی دیموکراتیە بەپێچەوانەی تێگەیشتنی ئێستای مالیکی و پێمان دەڵێت دیموکراتی بریتیە لەپاراستنی مافی کەمینەکان یان حکومڕانی بەپشتی زۆرینە کە ئێستا لیستەکەی مالیکی زۆرینە نییە و زۆرینەشی بۆ دروست ناکرێتەوە.


ئەو چەند خاڵەی ئاماژەمان پێکردن ئاماژەن بۆئەوەی کە زەمینە بۆ چەندین ئەگەر و سیناریۆی جیاواز بۆ عێراق لەبارن، بەڵام زەمینە بۆ دروستبوونەوەی دیکتاتۆریەت لەبار نییە، لەوانە:

* ئەگەر نوری مالیکی پشت لەهەموو رێککەوتنەکان بکات و بەردەوامبێت لەسەر پێشێلکردنی دەستووری عێراق و پەراوێزکردنی پێکهاتەیەکی گرنگی وەك عەرەبی سوننە کە خۆیان لەچوارچێوەی لیستی ئەلعراقیە دەبیننەوە، ئەوا لەبری ئەوەی زەمینە بۆ



سەلمان جومەیلی بۆ گوڵان:

# بێجگە لەدەوڵەتی یاسا هەموو هێزە سیاسییەکان بەشدار و کۆکبوون لەسەر ڕێککەوتنەکەی هەولێر



چارەسەرکردنی کێشـــەکان سازبدرێت، زەمینە بۆ شـــەڕێکی مەزهەبی خوێناوی دروســـت دەبێتەوە.


* ئەگـــەر نوری مالیکی هەر ســـوورِ بێت لەسەر درێژەپێدان لەســـەر ئەو زوڵم و زۆرەی ڕژێمی سەدام حوسێن و بەعس دژ بەکەرکوك و ناوچـــە دابڕێنراوەکانی دیکـــەی هەرێمی کوردستان کردی، ئەوا دەبێت لەوە دڵنیابێتەوە، ئەگەر کورد تائێســـتا نەرمی نواندبێت و بەو میکانیزمـــە ڕازی بووبێت کە لەچوارچێوەی ماددەی ١٤٠ی دەســـتوری عێراقدا هاتووە، ئەوا ئەگـــەر مالیکـــی هـــاوکار نەبێت بۆ جێبەجێکردنـــی ئەم ماددەیە، کـــورد بەدیلی دیکـــەی دەبێت و هـــەروەك چـــۆن پێکهاتە جیاوازەکانی یوگســـلافیای پێشـــوو بەدیلی دیکەیـــان هەبوو ســـەرەنجامیش کۆمەڵگەی نێودەوڵەتـــی ڕێزی لەئیـــرادەو بەدیلی نەتەوە جیاوازەکانی یوگسلافیای پێشوو گرت.

* ئەگەر نـــوری مالیکـــی نەگەڕێتەوە بۆ ناو پرۆسەی سیاســـی و بڕوای بەهاوبەشی نیشتمانی نەبێت بۆ بەڕێوەبردنی حکومڕانی لەعێراقدا، ئەوا ڕاســـتە عێراق دەبێتە خاوەنی سوپایەکی گەورە و هێزیکی ئاسایشی زەبەلاح، بەڵام عێـــراق خۆی دەبێتە دەوڵەتێکی لاواز و فاشـــیل، بەڵام لەم حاڵەتەشـــدا نە کورد و نە سوننە و نەشیعە، ئەوە قبووڵ ناکەن لەپێناوی بەرژەوەندی یەك تاکەکەی دەیانساڵی دیکە عێراقیەکان لەنەهەماتیدا بژین، ڕاشکاوانەتر، هەموو ئەگەرێك لەعێراقدا ئەگەری ڕوودانی هەیە، بەڵام ئەگـــەری گەڕانەوەی دیکتاتۆر هەتا ئەگەر بشـــگەڕێتەوە تەمەنی زۆر درێژ نابێت.

## بارودۆخێکی ئاڵۆز و ڕێگەچارەی قورس

قســـەکردن بۆ چارەسەری کێشەکانی ئێستای عێـــراق، هەتـــا ئەگەر لەڕووی تیۆریشـــەوە جۆرێك لەچارەســـەربوونی هەبێت و قســـەی لەســـەر بکرێت، ئـــەوا لـــەڕووی کردەییەوە هەنگاو هەڵگرتن بۆ چارەســـەرکردن کارێکی ئاسان نییە، ســـەبارەت بەم لایەنە پەرلەمانتار سەلمان جومەیلی سەرۆکی کوتلەی عێراقیە لەپەرلەمانـــی عێراق ســـەبارەت بەبارودۆخی ئەمرۆی عێـــراق و لەلێدوانێکی تایبەتی بۆ گوڵان جەخت لەسەر ئەوەدەکاتەوە کە پێکهاتە سیاسییەکانی عێراق بێجگە لەنوری مالیکی هەموویـــان ڕێککەوتنی هەولێر بەنەخشـــەی ڕێگـــە دەزانن بۆ چارەســـەری کێشـــەکان و لەمبـــارەوە بەمجۆرە ڕای خـــۆی دەربڕی و وتی: (سەبارەت بەچارەسەر، ئێمە پێمانوایە کە ڕێککەوتنەکەی هەولێر نەخشەڕێگەی دانا و بێجگە لەدەوڵەتی یاسا هەموو هێزە سیاسییەکان بەشداربوون و کۆکبوون لەسەرئەوەی کە ئەمە نەخشـــەڕێگەیەکە پێویستە کاری پێ بکرێت بۆ ڕزگارکردنی پرۆسە سیاسییەکە لەداڕمان و وەســـتان لەدژی ئەو مەنهەجە نوێیەی کە بەپێیدا خەریکە دیکتاتۆرییەتێکی نوێ لەوڵاتدا دروست دەبێتەوە، هەربۆیە پێویستە لەسەر ئەو لایەنانەی کـــە ئەم ڕێککەوتنەیان واژۆکردووە لەگـــەڵ لایەنەکانی دیکە کـــە ڕەزامەندبوون لەســـەر ئـــەم ڕێککەوتنـــە بەرپرســـیارەتی لەســـەر شـــانیان هەبێت بـــۆ بەدواداچوونی ئەم ڕێککەوتنـــە و جێبەجێکردنی خاڵەکانی لەگەڵ موحاسەبەکردن و وەستان لەدژی ئەو لایەنانەی کە نایانەوێ چاکســـازی لەپرۆسە سیاســـییەکە بێننەدی. سەبارەت بەکێشەکانی نێوان هەرێـــم و بەغداش، ئێمە چارەســـەری ئەم کێشـــەیە لەپابەندبـــوون و جێبەجێکردنی

فۆتۆ: عەلی رەشیدی





جەمال بەتیخ بۆ گوڵان:

# ئامادەسازی بۆ هەڵبژاردنێکی پەرلەمانیی نوێ لەگەڵ پێکهێنانی حکومەتێکی نوێ باشترین چارەسەرە

دەستووردا دەبینین، لەگەڵ ڕێزگرتن لەو تەوافوقە سیاسیانەی لەنێوان لایەنەکاندا هەیە، ئێمە لەم قۆناخە ئومێد دەخوازین کە مالیکی وەڵامدانەوەی هەبێت، بەپێچەوانەوە ئەوکات واباشترە متمانە لەحکومەت بستێندرێتەوە و پێموایە هێزە سیاسییەکان توانایان هەیە بۆ دەستنیشانکردنی کەسێکی گونجاو کە ڕێز لەبەرامبەر تەوافوقاتە سیاسییەکان بنوێنێت و ڕێزی هەبێت لەبەرامبەر جێبەجێکردنی دەستوور.)).

ئەوەی جومێلی ئاماژەی پێدەکات نیشانەی ئەوەیە کە پێکهاتەکانی عێراق لەڕەفتارە دیکتاتۆرییەکانی مالیکی بێزاربوونە، بۆیە کاتی ئەوە هاتووە کە بەدوای چارەسەرێکی دیکە بۆ ئەم بارودۆخە بگەڕێن، هەر سەبارەت بەم لایەنە پەرلەمانتار جەمال بەتیخ لەکوتلەی عێراقیەی سپی لەلێدوانێکی تایبەتی بۆ گوڵان جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە ئێستا متمانە لەنێوان سەرۆك وەزیران و پێکهاتەکان نەماوە، پێش هەموو شت پێویستە متمانە بونیاد بنرێتەوە و لەم لەبارەوە وتی: (لەڕاستیدا ڕێگە چارە ئەوەیە متمانە سەرلەنوێ بگەڕێتەوە بۆ نێوان سەرکردەکانی پرۆسە سیاسییەکە، لەبەرئەوەی هۆکارەکانی پشت ئەوەی کە ئەمڕۆ پێی تێدەپەڕین دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی متمانە لەنێوان سەرکردەکانی پرۆسە سیاسییەکە کە دەوڵەت بەڕێوەدەبەن، ئەمەیش هۆکاری ئەو بەڵایەیە کە ئەمڕۆ دووچاری بووینەتەوە. بۆ ئەم قۆناخە هەڵبەتە دیالۆگ چارەسەرە، بەڵام پاش ١٠ ساڵ لەم ئەزموونە دەبینین هێشتا ناکۆکن و جیاوازی لەنێوانیاندا هەیە و جیاوازییەکانیان نەبۆتە مایەی بونیادنانی دەوڵەت و نەبۆتە مایەی بونیادنانی کۆمەڵگە، خۆی لەخۆیدا پێویستە ئێستا ستراتیژییەتێکیان هەبوایە بۆ بونیادنانی دەوڵەت و کۆمەڵگە، بەڵام ئەمڕۆ ئەو شتەیان نییە و هاوکات نە چارەسەریان هەیە بۆ کێشەکان و نە پڕۆژەشیان هەیە و تەنانەت خاوەن وتارێکی سیاسیی هاوبەشیش نین، دەبوایە پاش ١٠ ساڵ هەوڵ و وتار و تێڕوانینی هاوبەش لەنێوانیاندا هەبوایە و خاوەن کارنامەیەکی سیاسی ستراتیژی بوایەن بۆ دەوڵەت، بەڵام ئەم شتانەیان نییە، ئەوە ١٠ ساڵ تێپەڕی ئایا مەعقولە١٠ ساڵی دیکەیش هەر بەم شێوەیە بەسەربەرین؟ ئێمە ئەمڕۆ لەچوارگۆشەی یەکەمین و هەروەك ئەوەیە بڵێی هێشتا تازە لە دەسپێکین و سەرلەنوێ دەست پێ دەکەینەوە و ململانێ دەکەین و لایەنە سیاسییەکان لەڕکابەریدان کە کەوتوونەتە دوو میحوەرەوە کە بەشێکیان دەیانەوێ متمانە لەحکومەت بستێننەوە و بەشێکی دیکەشیان دەیەوێ متمانە لەپەرلەمان بستێنێتەوە، بەڵام هێشتا نازانین کامەیان ئەوی دیکە دەڕووخێنێت. بەڵام من پێموایە ئامادەکاری هەبێت بۆ هەڵبژاردنێکی نوێ، بەڕای من ئەمە باشترە لەبەرئەوەی ڕاستییەکەی ئەوەیە کە شکستێکی سیاسیی گەورە و ڕوون ڕوویداوە و ئەمڕۆیش سەرکردەکانی وڵات ناتوانن هەنگاو بەرەو پێشەوە هەڵگرن، بەڵکو بەپێچەوانەوەیە کە پاشەکشە ڕوویداوە و کشانەوەیەکی گەورە بەرەو دواوە هەیە، هەربۆیە پێموایە کە ئامادەسازی بۆ هەڵبژاردنێکی پەرلەمانیی نوێ لەگەڵ پێکهێنانی حکومەتێکی نوێ باشترین چارەسەرە)).

باری ڕۆبین:

# گەورەترین هەڕەشە بۆ ئاییندەی عێراق ئەوەیە لایەنێک پێیوابێت بەتەنیا دەتوانێت عێراق بەڕێوەبەرێت

**پرۆفیسۆر باری ڕۆبین کە ئێستا سەرۆکی سەنتەری جیهانیە بۆ دیراساتی ستراتیژی (GLORIA) سەرنووسەری میدل ئیســـت ریڤیووە بۆ دیراســـاتی نێودەوڵەتی و جێگری بەڕێوەبەری سەنتەری سادات - بێگنیشە بۆ دیراساتی ســـتراتیژی، تایبەتمەندە لەسەر سیاســـەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـت و تورکیا و هەروەها یەکێك بووە لەو چاودێرە نێودەوڵەتیانەی چاودێری هەڵبژاردنەکانی تورکیای کردووە، بۆقسەکردن لەسەر ڕەوشی ئێستای عێراق و ڕەهەندەکانی ئەم کێشـــەیە لەســـەر ئاییندەی عێراق و سیاسەتی ئیقلیمی و نێودەولەتی، ئەم وتووێژەمان لەگەڵ پرۆ فیسۆر باری ڕۆبین ئەنجامدا کە ئەمە دەقەکەیەتی.**

*** لـــەدوای کشـــانەوەی هێزەکانی ئەمریکا عێراق کەوتۆتە قەیرانێکی جدیەوە و هەموو لایەنە عێراقیەکان ســـکاڵای ئەوە دەکەن کە عێراق بەرەو دیکتاتۆریەت و تاکڕەوی دەڕوات، ئایا ئێوە چـــۆن بارودۆخەکە دەخوێننەوە؟ و ئایا گەڕانـــەوەی عێراق بەرەو دیکتاتۆریەت تا چ ڕاددەیەك ئاییندەی وڵاتەکە و ناوچەکە دەخاتە مەترسیەوە؟**

- ئێمـــە نازانیـــن چـــی ڕوودەدات، بەڵام ئەوە مایەی نیگەرانیە و لەڕاســـتیدا ئەمە هەموو ڕۆژێك ڕوونادات کە سەرۆك وەزیران داوای دەرکردنـــی یاداشـــتێکی نێودەوڵەتی بـــۆ دەســـتگیرکردنی جێگـــری ســـەرۆك کۆمار بکات، لەڕاســـتیدا ئەو کەســـانەی ئومێدی خێر بۆ عێـــراق دەکەن هیوای ئەوە دەخوازن سیاســـەتێکی جیـــاواز بگیرێتەبەر بۆ دابەشـــکردنی دەســـەڵات، بەڵام ئەگەر ئەم کێشـــانە چارەسەر نەکرێن، ئەوا کارێکی گێلانەیـــە ئەگەر هەر لایەنێـــك یاخود هەر کەسێك پێیوابێت دەتوانێت بەتەنیا حکومڕانی وڵاتەکە بکات، تەواوی مەســـەلەکە ئەوەیە ئەگەر ســـازش بکرێت، ئەوا ســـەقامگیری دێتەئـــاراوە و ئەگەر هەوڵیش بدرێت تەواوی دەسەڵاتەکان لەدەســـتی خۆتدا کۆبکەیتەوە ئەوا ئەمە سەردەکێشـــێت بـــۆ توندوتیژی، بەدڵنیاییەوە ئێســـتا ئێمە ئـــەو توندوتیژیە بەدی دەکەین، بەڵام هێشـــتا ئومێد ماوە و بارودۆخەکە نەگەیشـــتۆتە ئەو ئاســـتە، کە ئەوە شتێکی خراپ دەبێت ئەگەر ڕووبدات، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا هیچ هێزێکی دەرەکی هەیـــە هاوکاربێـــت لەچارەســـەرکردنی ئەم کێشـــەیە و من ئێستا شتێك بەدی ناکەم کە یارمەتیدەر بێت.

*** چـــاوەڕوان دەکـــرا دوای کشـــانەوەی هێزەکانـــی ئەمریکا عێراق دووچاری قەیران بێـــت، بەڵام کێشـــەکە ئەوەیـــە ڕۆژ بەڕۆژ کەلێنی نێوان لایەنەکان زیاتر دەبێت، ئەمەش بەهۆی کۆبوونەوەی دەسەڵاتەکانە لەدەستی مالیکیدا، ئەمەش بۆتەهۆی ئەوەی کورد و سوننەکان پێکەوە هاوکاربن، واتە ئێستا تەنیا شـــیعەکان حکومڕانی وڵاتەکە دەکەن، ئایا ئەمە تا چ ڕاددەیەك یەکێتی عێراق دەخاتە مەترسیەوە؟**

> **کارێکی گێلانەیە ئەگەر هەر لایەنێك یاخود هەر کەسێك پێیوابێت دەتوانێت بەتەنیا حکومڕانی عێراق بکات**

- ئەمە ئەو مەســـەلەیە بوو کە هەمیشە من نیگەران بووم لەبارەیەوە، کە دوای کشانەوەی هێزەکانـــی ئەمریـــکا ئەو بیرۆکـــە کۆن و بێمانایـــە بگەڕێتەوە کە کەســـێك دەتوانێت بەتـــەواوی کۆنترۆڵـــی وڵاتەکـــە بکات و تەواوی دەســـەڵاتەکان لەدەستی خۆیدا بێت و هەر کارێك بیەوێت ئەنجامی بدات. ئەمە گەورەترین مەترســـیە لەسەر عێراق و ئەمە تەحەددی دیموکراســـیە کە دەســـەڵاتەکان دابەش بکەیت و ئەوەی زۆر گرنگە بەلاتەوە بەدەستی بهێنێت و دەست لەوە هەڵگریت کە ئەو گرنگیەی نییە. لەڕاســـتیدا هەوڵێکی هەمەلایەنە درا، کە شـــەڕ بەرپاکرا، لەپێناو ڕووخاندنی دەسەڵاتی ســـەددام حوسێن بۆ ئـــەوەی دەرفەتێك بەعێـــراق بدرێت تاوەکو کۆمەڵگە و دەســـەڵاتێکی جیـــاواز بنیات بنێت، ئێســـتا ئەوەی ڕووبـــەڕووی عێراق بۆتـــەوە گەورەترین مەترســـی و تەحەددیە. بـــە بەراورد بەدوو ســـاڵ پێش ئێســـتا، کە ئەمەش پێویســـتی بەهەوڵێکی نێودەوڵەتی هەیە بۆ سەقامگیرکردنی بارودۆخەکە و بۆ



قەناعەتپێهێنانی لایەنەکان بۆئەوەی پێکەوە کاربکەن، ئێستا من هیچ هەوڵێك لەم بارەیەوە نازانم و ئەمەش لەبارودۆخێکدا ناکرێت کە مەترسیدار بێت. ئەوەی پێوەندی بەهەرێمی کوردستانەوە هەیە،ئەوا بەردەوام دەبێت لەسەر ئەوەی تا ئەندازەیەکی زۆر خۆی حکومڕانی خۆی بکات، تا ئەو کاتەی کە حکومەتێکی مەرکەزی بەهێز و خاوەن تموح دروست دەبێت کە نەیەوێت ئەو بارودۆخە بەردەوام بێت، بەڵام هیچ هۆکارێك نییە بۆ ئەوەی شەڕی شیعە و سوننە دەست پێبکاتەوە بەچەشنی ئەوەی لەو ساڵانەی دواییدا بینیمان، بەڵکو دەبێت ئامانجەکە بریتی بێت لەباشترکردنی باری ئابووری بۆئەوەی ڕەنگدانەوە و کاریگەری لەسەر ژیانی خەڵك هەبێت، ئومێد دەکرێت گەمەی دەسەڵاتەکە کۆتایی پێبێت، کە کۆتایی نەهاتووە و مەترسیدار دەبێت، لەبەر ئەوە دەبێت هەوڵێکی نێودەوڵەتی هەبێت لەم ڕووەوە. بەڵام ڕاستیەکەی ئەوەیە هیچ هێزێکی سیاسی و هیچ پێکهاتەیەك ناتوانێت لەڕێی دوورخستنەوەی ئەوانی دیکەوە حکومڕانی بکات، ئەگەر تۆ لەگەڵ سەرکردەیەکی سوننەدا ناگونجێیت، دەبێت سەرکردەیەکی دیکەی سوننە بدۆزێتەوە، لەبەر ئەوەی کەس نایەوێت ئەو قوربانی و کۆششانە بەهەدەربچن. لەگەڵ ئەوەشدا ئومێدەکە ئەوەیە عێراق ئەم مەترسیەی تێپەڕاندبێت و دەرسی وەرگرتبێت، بەڵام ئێستا ئەم قەیرانە بۆ چەند مانگێکە درێژەی کێشاوە و من هیچ کاردانەوەیەکم بەدی نەکردووە، من باوەڕم وایە هێشتا ئومێد ماوە، هێشتا دەتوانرێت کارێك بکرێت، بەڵام تاوەکو لایەنێك یارمەتی باشتربوونی بارودۆخەکە نەدات، بارودۆخەکە باش نابێت.

*** باس لەوە دەکرێت کە درێژەکێشانی قەیرانی ناوخۆیی عێراق زیان بە بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا دەگەیەنێت، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەمریکا چۆن دەتوانێت فشار بخاتەسەر لایەنە عێراقیەکان بۆئەوەی بارودۆخی ناوخۆیی خۆیان ڕێکبخەنەوە؟ هەروەها پرسیارەکە ئەوەیە چۆن تێکچوونی بارودۆخی ناوخۆی عێراق بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا دەخاتە مەترسیەوە؟**

> **هێزێکی سیاسی و هیچ پێکهاتەیەك ناتوانێت لەڕێی دوورخستنەوەی ئەوانی دیکەوە حکومڕانی بکات**

- من ناتوانم بڵێم و من لەپێگەیەکدانیم بڵێم دەبێت ئەمریکا فشار لەسەر لایەنە عێراقیەکان بکات، بەڵکو دەبێت ئەمریکا هەوڵی کۆکردنەوەی لایەنەکان و کەمکردنەوەی ناکۆکی بدات. بەڵام ڕەنگە ئێوە بزانن من پشتیوانێکی گەورەی ئەم ئیدارەیە نیم و پێموایە ڕیزبەندی ئەولەویاتەکانی خراپ بووە و کاری خراپی ئەنجامداوە و چەندین هەڵەی ئەنجامداوە لەپێوەندیدا بەسوریا و میسر و شوێنەکانی دیکەوە، کەواتە ئێمە ئیدارەیەکمان هەیە کە لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تێناگات و ئێمە ئیدارەیەکمان هەیە کە هەرچەندە دەبینێت ئێران مەترسیە، بەڵام نازانێت چۆن مامەڵەی لەگەڵدا بکات و من دەزانم زۆر کەس هەن لەکەنداودا ڕازی نین لەحکومەتی ئێستای ئەمریکا. بەداخەوە دەڵێم ئەوەی ئیدارەی ئەمریکا بایەخی پێدا لەبارەی عێراقەوە بریتی بوو لەکشانەوەی هێزەکان و ئەو مەسەلانە نابینێت کە پەیوەستن بەسەقامگیری و بەرژەوەندی نەبۆتە ئەولەویەتی باڵای ئیدارەی ئەمریکا



و ئەمەش شتێکی خراپە. ئەوەی پێوەندی بەوەوە هەبێت کە چۆن ناسەقامگیری دەبێتە هۆی زیانگەیاندن بەبەرژەوەندی ئەمریکا، ئەوا بەزۆر رێگا، یەکەمیان- کە بەدڵنیاییەوە نابێت موبالەغەی لەبارەوە بکەین- بریتییە لەنفوز و دەستڕۆیشتوویی ئێران، دووەم ناسەقامگیری زەمینەیەك بۆ هێزە مەیلدارەکان بۆ ئێران بۆ ڕادیکاڵ و تیرۆریستەکان دەخولقێنێت کە بگەڕێنەوە بۆ شەڕکردن، سێیەم ئەوەیە- ڕاست بێت یان هەڵەیە- عێراق بەدەستکەوتی ئەمریکا دادەنرێت، ئەگەر لەبەریەکهەڵوەشێت و بگەڕێتەوە بۆ دۆخی شەڕ، ئەوا بۆ ئەمریکا و هەموو هێزەکانی ناوچەکە خراپە، لەبەر ئەوەی کاریگەریەکی ناسەقامگیرکەری بەرفراوانی هەیە لەسەر ناوچەکە، هەروەها هێشتا هێز و کارمەندی ئەمریکا لەعێراقدا ماون کە دەکەونە مەترسیەوە ئەگەر بارودۆخەکە بۆ شەڕ و توندوتیژی بگەڕێتەوە. هەر کاتێك ناسەقامگیر و توندوتیژیەکی زۆر هەبوو لەناوچەکەدا و هەڕەشە لەسەر ڕۆیشتنی نەوت هەبوو، ئەوا ئەمە هەڵەیەکی گەورەیە. چەند مانگێگ پێش ئەوەی ئەم دۆخە دروست بێت وتارێکم نووسی... تێیدا باسم لەوەکرد کە سەرەڕای کەموکوڕیەکان و لەبری مۆدیلی تورکی، ئەوا من پێشنیاری مۆدێلی عێراقی دەکەم بۆ ناوچەکە، لەبەر ئەوەی جۆرێك لەدابەشکردنی دەسەڵات هەیە و فرەیی هەیە و هەڵبژاردنی ڕاستەقینە هەیە و بەرفراوانبوونی ئازادیەکان هەیە و ئەمەش وەك بەدیلێك بۆ مۆدێلی ئیسلامی و ئەمە مۆدێلی سازشکردنە، چونکە ئەگەر ئەم مۆدێلە پیادە نەکرێت، ئەوا چ بەدیلێکی دیکە هەیە جگە لەمۆدێلی ئیسلامی ڕادیکاڵی، کەواتە ئەمە تا دوا ئەندازە گرنگە بۆ بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا ئەگەرچی بەزۆری ئەمریکا لەڕوانگەی هەڕەشەی ناووکی ئێرانەوە لەکەنداو دەڕوانێت، بەڵام مەسەلەکە پەیوەستە بەوەی کێ دەسەڵات و دەستڕۆیشتوو دەبێت و چ جۆرە سەقامگیریەك یاخود ناسەقامگیریەك

**ئەو کەسانەی ئومێدی خێر بۆ عێراق دەکەن هیوای ئەوە دەخوازن سیاسەتێکی جیاواز بگیرێتەبەر بۆ دابەشکردنی دەسەڵات**

دێتەئاراوە، من هەمیشە وتوومە کە متمانەیەکی کەمم هەیە بەسیاسەتی ئێستای حکومەتی ئەمریکا. ...

*** هەمیشە کوردستان ناوچەیەکی ئارام بووە، بەڵام ئێستا بەهۆی کێشەی نێوان هەرێم و سەرۆك وەزیران مالیکیەوە ئەگەری ئەوە دەکرێت شەڕێکی خوێناوی ڕوودات لەنێوان هەردوولادا، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ڕۆڵی ئەمریکا چی دەبێت لەم حاڵەتەدا؟**

- من ناتوانم لایەنگیری لایەنێك بکەم لەسیاسەتی عێراقدا، بەڵام بەتەواوەتی لەنیگەرانی ئێوە تێدەگەم و دەزانم کە باڵیۆزی ئەمریکا لێدوان و قسەکانی ئێوەی گواستۆتەوە، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە کاتێك ئەم مەسەلەیە دەگاتە ئاستەکانی سەرەوە ئایا ئامادەیی لەئارادا دەبێت بۆ گرتنەبەری ڕێوشوێنێك، بەداخەوە دەڵێم ئەم ئیرادەیە بوونی نییە، بەتایبەتی لەم ساڵدا، ئەویش بەهۆی سروشتی ئیدارەکە و بەهۆی هەڵبژاردنەکان، کەواتە پرسیارەکە ئەوەیە لەهەڵبژاردنی داهاتووی ئەمریکا لەنۆڤەمبەر چی ڕوودەدات؟ و ئایا کەسێك دێت کە بایەخ بەم مەسەلەیە دەدات؟ ئێوە کێشەیەکی گەورەتان وروژاند و پرسیارم لێدەکەن ئایا ئیرادەیەك هەیە بۆ بایەخپێدان و گرنگپێدان بەم مەسەلەیە، بەداخەوە من ئەمە نابینم. ...لەڕاستیدا وڵاتە عەرەبیەکان هەڵەیەکی گەورەیان کرد کاتێك هەوڵیان نەدا عێراق ئاوێتە بکەنەوە لەگەڵ ناوچەکەدا، بەڵکو دەرگایان بەڕوودا داخست و بەم شێوەیە نەك هەر بەشدار نەبوون لەسەرکەوتن و سەقامگیری عێراقدا، بەڵکو زمانی حاڵی ئەم وڵاتانە ئەوەبوو با عێراق لەئێران نزیك ببێتەوە، چونکە وڵاتێکە شیعە حکومڕانی دەکات نەك عەرەب، ئەمەش تیڕوانینێکی بێئەندازە کورتبن و زیانبەخش بوو بۆ بەرژەوەندیەکانی عەرەب. لەئێستادا شەڕێکی گەورە شێوەدەگرێت، لەلایەن ئیسلامیە شۆڕشگێڕەکان هەن کە دەیانەوێت دەسەڵات بگرنەدەست و لەلایەکی دیکەوە شیعە و سوننە ئیسلامیەکان دوو کوتلەیان پێکهێناوە و لەململانێدان، ئەمە بەڕوونی لەشەڕی ناوخۆیی سوریادا دەبینین، پرسیارەکە ئەوەیە ڕۆڵی عێراق چی دەبێت لەکاتێکدا ئیسلامیە ڕادیکاڵەکان لەهەوڵی بەدەستهێنانی دەسەڵاتدان، کە هێشتا ئەمە لەعێراقدا ڕووینەداوە، هەروەها شیعە و سوننەکان لەململانێ و ڕکاربەریدان، کەواتە

**عێراق بەدەستکەوتی ئەمریکا دادەنرێت، ئەگەر لەبەریەکهەڵوەشێت و بگەڕێتەوە بۆ دۆخی شەڕ، ئەوا بۆ ئەمریکا و هەموو هێزەکانی ناوچەکە خراپە**




عێراق دەیەوێت خۆی لەنفوزی ئێران لابدات و خۆی لەشەڕی ناوخۆ لابدات و خۆی لەوە لابدات کە ببێتە دەوڵەتێـك کە ڕادیکاڵەکان زاڵبـن بەســەریدا، لەمەشــدا پێویســتی بەهــاوکاری و یارمەتــی هەیــە، بەداخەوە ڕەنگە زۆر کەس هاوڕانەبێت لەگەڵمدا و من خوازیاربووم هەواڵی باشــترم لابێت بۆ ئێوە. ئەگەر وتارەکەم بخوێننەوە، ئەوا باســم لەوە کــردووە کە کەلێنێکی گــەورە هەیە لەنێوان واقیعــی ناوچەکە و تێڕوانینــی ڕۆژئاوا و ئەمەش زیانبەخشە.

*** تورکیا دەوڵەتێکــی گــەورەیە و ئەندامی ناتۆیە، لەلایەکی دیکەوە ئێران کاریگەری و دەسترۆیشتوویەکی زۆری هەیە لەعێراقدا، پێتوانییە ناســەقامگیری عێراق دەبێتەهۆی ئەوەی ئەمە ببێتە گۆڕەپانی دەســتێوەردانی دەرەکی؟**

- ئەمــە دەقاو دەق ئەوەیە کە منی نیگەران کردووە، تاوەکو ئێســتا گۆڕەپانی ئەو شەڕە بووە کە پێشــتر ئاماژەی پێکرا لەنێوان ئێران و ســوریا لەلایەك و ســعودیە و ئەردەن بووە لەلایەکــی دیکــەوە، بەڵام ئێســتا دۆخەکە گۆڕاوە سوریا بەشێك نییە لە مەسەلەکە، بەڵام چی ڕوودەدات ئەگەر حکومەتە ئیســلامیە سوننەکان پتر متمانەیان بەخۆی هەبێت و پتر سەقامگیر بن، کە بەدڵنیاییەوە ئەمە میسریش دەگرێتەوە، ئەوەتان لەیاد بێت کە دەبێت لەماوەی هەشــت هەفتەدا سەرۆکی نوێ هەڵبژێردرێت و دواتــر حکومەت پێکبهێنرێت، پرســیارەکە ئەوەیە ئایا دەســتێوەردان لەعێراقدا دەکات بۆ برەودان بەوەی پێیانوایە بەرژەوەندی سوننەیە لەبەرامبەر ئــەوەی پێیانوایــە بەرژەوەندی شــیعەیە. بەدڵنیاییەوە ئەمەش دۆخەکە لاواز دەکات. لەپەیوەندیدا بەشەڕی ناوخۆی سوریا و ناسەقامگیری شوێنەکانی دیکە و هەروەها کە ئێرانیش کێشەی خۆی هەیە، ئەوا عێراق تا ڕادەیەك بــەدوورە لەکاریگەری دەرەکی وڵاتانی ئیقلیمــی کە کاریگەری کاولکاری هەبوو لە٢٠٠٤ و ٢٠٠٥ و و ٢٠٠٦ ســاڵانی دواتر. ئێمە دەزانین لەساڵانی پەنجا و شەست و حەفتاکاندا شــەڕێکی سارد هەبوو لەنێوان وڵاتە عەرەبییەکاندا، دوو بلۆك هەبوو یەکێکیان بەســەرکردایەتی میســر و دەوڵەتی بەعس لەعێراق و بلۆکێك بەسەرکردایەتی سعودیە و ئەردەن، ئایا فۆرمێکــی نوێ ململانێی لەم شێوەیە دەبینین، سوریا بۆتە گۆڕەپانی شەڕ و لوبنانیش تا ڕادەیــەك و عێراقیش دەبێتە ئەو گۆڕەپانە، کە دەبێت عێراق باری ناوخۆی ڕێبکخاتــەوە بۆئەوەی خۆی لەمە لابدات... لەکۆتایی ئەم ســاڵەدا ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە دوو بلــۆك هەیە لەلایەك وڵاتی میســر کە ئیخوان موســلمین زاڵن بەسەریدا و لەلایەکی دیکــەوە عێــراق و هەروەها ســوریا ئەگەر ڕژێمەکە بمێنێتــەوە و عێراقیش هەوڵنەدات دژی ئەمە بوەســتێتەوە، لەبەر ئەوەی زۆری هەیە لەدەستی بدات، چونکە وڵاتێکە لەهەر شــوێنێکی دیکە زیاتر ململانێی شــیعە و ســوننە زیانی پێگەیاندووەو ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کە چارەسەر بکرێت، من بەداخەوەم کە ئەوە دەڵێم، بەڵام ئەوە واقیعە، مێژووی شەست ساڵی ڕابردوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست مێژوی کارەسات بووە، ئایا ناوچەکە دووبارە دەخزێتەوە ناو کارەســات و توندوتیژی و ناسەقامگیری و ڕق و قینە و ململانێ لەســەر بنەمای ئەو باوەڕەی کە تەنیا کەسێك یان ئایدۆلۆژیایەك یان وڵاتێك دەتوانێت دەست بەسەر هەموو یان زۆرێك لەشتەکاندا بگرێت؟ پێموایە وەڵامەکە بەڵێیە، پێموایە ناوچەکە دەخزێتە ڕۆژگارێکی دژوارەوە و سوریا و لوبنان و میسر و تونس و لیبیا ناتوانن خۆیان لەمە لابدەن، بەڵام عێراق بەهــۆی گرتنەبەری سیاســەتێکی گونجاو دەتوانێت خۆی لەمە لابدات، کە ڕاپیگەیەنێت ئێمــە بۆ چەند دەیەیەکە ئەم گەمەیە دەکەین و چیتر ئێمە نامانەوێت بەشێك بین لێیی، کە بەدڵنیاییەوە کوردەکانیش هیچ بەرژەوەندیەکیان نییە لەتێوەگلان لەم مەســەلەیەوە، لەبەر ئەوە لەنێــو هەموو وڵاتــە عەرەبییەکانــدا عێراق ئەگەری ئــەوەی لێدەکرێــت بتوانێت خۆی لەمــە لابدات. ئــەوەش دەبێتە کارەســات و هەموو عێراقیەکان بەدەستیەوە دەناڵێنن ئەگەر ببێتە بەشــێك لەم ناکۆکیە، ئەگەر شــەڕی ناوخۆیی ڕووبدات و ئەگەر حکومەت بێتوانا بێت لەئەنجامدانی کارەکانی و ســەرکردەکان بێتوانابن لەوەی هاوکاری لەگەڵ یەکدابکەن، ئەوا ئەمە دەبێتە گەورەترین مەترســی لەسەر ئەوەی عێراق بخزێتە ئــەو ناکۆکیەکەوە کە چەند دەیەیە درێژەی کێشاوە.

**وڵاتە عەرەبییــەکان هەڵەیەکی گەورەیان کرد کاتێك هەوڵیان نەدا عێراق ئاوێتە بکەنەوە لەگەڵ ناوچەکەدا، بەڵکو دەرگایان بەڕوودا داخست**

**لەئێستادا شەڕێکی گەورە شێوەدەگرێت لەلایەن ئیسلامیە شۆڕشگێڕەکان کە دەیانەوێت دەسەڵات بگرنەدەست و لەلایەکی دیکەوە شیعە و سوننە ئیسلامیەکان دوو کوتلەیان پێکهێناوە و لەململانێدان**



# نامەیەک بۆ لایەنگرانی "هەلومەرجی بابەتی" ڕانەگەیاندنی دەوڵەتی کوردی!

ڕێبوار سیوەیلی *
تایبەت بۆ گوڵان نووسیوێتی

زۆربەی ئەوانەی لە قسەکردن و ئەگەری ڕاگەیاندنی گریمانەکراوی دەوڵەتی کوردی، دەسڵەمێنەوە، بەناوی «هەلومەرجی بابەتی»یەوە ئەم کارە دەکەن. لەناو ئەوانەشدا سیاسی، ئەکادیمی و کەسانێك ئەو گوتارە پەرە پێدەدەن، کە ڕۆژگارانێك بە بیروڕای چەپ کاریگەر بوون، بەڵام مەرج نییە ئەمێستا خۆیان لە بەرەی چەپگەراییدا ببیننەوەو هەندێکیان بەرژەوەندییان کەوتۆتە شوێنی تر. کەسانێکیش هەن، خودی بیرۆکەکەیان بەدڵەو کاری بۆ دەکەن، بەڵام لەبەر ئەوەی لایەنی دەستپێشخەر بۆخۆیان نین، دیسانەوە بە پێچەوانەی ویستی خۆیانەوە، دەبنەوە لایەنگری نالەباریی هەلومەرجی بابەتیی و پاچ لە بناخەیەك دەدەن، کە پێویستە ئامانجەکەی خۆیانی لەسەر ڕابگرن. لە کۆتاییدا، بەتایبەتی دێمەوە سەر ئەم خاڵەو هەڵەشەیی لەو تەفسیرە بچووککەرانەوەدا کە بۆی دەکرێت.

لەبەر ڕۆشنایی ئەو دێڕانەی سەرەوەدا، دەمەوێت لێرەدا نامەیەك بۆ ئەو هاوڕێیانەم بنووسم، کە بە «لایەنگرانی بیرۆکەی هەلومەرجی بابەتی» ناویان دەبەم و دەمەوێت چەند شتێکیان بیر بخەمەوە:

١. هەلومەرجی بابەتی، گوزارەیەکە ڕەگوڕیشەی لە هزری چەپی دۆگمایی و ئەدەبیاتی شێوە ستالینیستدا داکوتاوە، (مەبەستم لە شێوە ستالینیستی، ئەو ئەدەبیاتەیە کە دواجار وەك میراتێکی بلۆکی خۆرهەڵات و حزبە چەپەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، بەم ناوچەیەدا بڵاوبۆتەوە). پاشان ئەم میراتە گواستراوەتەوە بۆ ناو ئەدەبیاتی ئەکادیمیی ناو زانکۆکانی هەرێمی کوردستان و بەتایبەتی ڕەوت و فێرگەی میتۆدیانەی سۆڤییەتی جاران، کە زانستی لە بابەتگەرایی پۆزەتیفیستی و فیلۆلۆژیادا کورت دەکردەو و ئەمێستاکەش ئەم میتۆدە لە هەرەتی خۆیدایە. ئەم ڕوانگەیە ئەگەر نەیتوانیبێ هیچ ڕاستیەکیش بەرهەم بهێنێت، ئەوە راستییەك لەبارەیەوە هەیە کە ناشاردرێتەوە: هەرگیز نەبووە ئەم ڕوانگەیە لە مێژوودا ڕەوایەتی بداتە ئەو مەسەلەو کێشانەی، بەرگریی لێکردوون، بەبێ بەکارهێنانی فۆرمێکی ستەمکاری و چەوساندنەوە، تەنانەت ئەگەر ئەو چەوساندنەوەیە بەتەنیا بێدەنگکردن و بەپەراوێزخستن و سڕینەوەی ڕوانگەی خودیانەو تایبەتیانەش بێت.

٢. گوزارەی هەلومەرجی بابەتی، جیهان و واقیع یەکسەر دەکات بە دوو بەشەوە: (هەلومەرجی تایبەت)، یان (خودی) و (هەلومەرجی بابەتی)، یان (دەوروبەر) و بەم هۆیەشەوە گوایە بانگەشەی شیکردنەوەیەکی زانستی بۆ واقیع دەکرێت، کە بە دوورە لە هەلومەرجی «خودیانە و زاتیانە» کە هەر

بەپێی ئەم تێڕوانینە، نازانستی و بناخەیەکی باش نییە بۆ تێگەیشتن لە واقیع، چونکە لەو ئەدەبیاتە ستالینیستی و پۆزەتیڤیستیەدا زات، یان خود قسەی نییە و هەڵگری ڕاستەقینەیەك نییە لە مێژوودا.

٣. هەوادارانی گوزارەی هەلومەرجی بابەتی، پێیانوایە هەتا ئەو هەلومەرجە بابەتیانە لەبار نەبن، ڕێگە نەدەن، یان ئامادەکار و یارمەتیدەر نەبن، لە نموونەکەی ئێمەدا: بۆ ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردی، نابێت بیر لەو مەسەلەیە بکەینەوە. لێرەدا هەلومەرجی بابەتی بەلای هەلومەرجخوازانی بابەتییەوە، ئەو دەسەڵاتەیە کە نەك هەر تەنیا پێویستە لەبار بێت بۆ وەها پرۆژەیەك، بەڵکو پێویستیشە «مۆڵەت»ی لەدایکبوونی بداتێ!. بەمەش هەلومەرجی خودی نەك هەر بایەخی نامێنێت، بەڵکو دەخرێتە پەراوێزەوە و ئیرادەی لێدەستێنرێتەوە.

٤. لایەنگرانی بیرۆکەی هەلومەرجی بابەتی، چی بە «بابەتی» دەزانن؟ بێگومان بە پلەی یەکەم پێوەندیی کورد بە عێراقی سیاسییەوە، پاشان پێوەندیی کورد بە ڕژێمە ناوچەییەکانەوە، ڕەزامەندیی ئێران و تورکیا و وڵاتانی عەرەب و ئەمەریکا! بەلای ئەوانەوە هەر یەکە لەو لایەنانە بەشێك لەو مۆڵەتەی بەدەستەوە کە دەبێت بیدەن بە کوردەکان تا بتوانن دەوڵەتی سەربەخۆی نەتەوەیی خۆیان دابمەزرێنن. ئەمە کۆمیدیای بیرکردنەوەی مێژوویەکە، کە تیایدا هەمیشە کوردی خستۆتە پەراوێزەوەو

**لەسەر دەستی بەعسییەکان بیرۆکەی هەلومەرجی بابەتی جارێکی تر خرایەوە خزمەت دەرهاویشتنەوەی کورد لە مێژوو و بە «ئەویترکردنەوە»ی و بە «دوژمنکردنی کورد» لەبەردەم عەرەب و ئیسلامداو پرۆسەی ئەنفال و جینۆسایدی لێکەوتەوە**

لە ئاستی ئەوانیتردا بچووکی کردۆتەوەو ناچاری کردووە هەردەم کەمێك پاشەکشە بکات، کەمێك دەست لە خواستەکانی خۆی هەڵبگرێت، کەمێك بچێتە دواوە، بۆ ئەوەی ئەوانیتر و ڕژێمەکانی ناوچەکە کەمێك زیاتر بێنە سەنتەرەوە، کەمێك زیاتر گەورەتر ببن، کەمێك زیاتر ڕازیی ببن. ئەم بیرۆکەیە

**مەسەلەی بیرکردنەوە، پلاندارشتن، کاربۆکردن و ڕاگەیاندنی بیرۆکەی دەوڵەتی کوردی، پێویستە لە دەرەوەی، لە سەرەوەی، یان لە پێشەوەی هەلومەرجە بابەتیەکان بیری لێبکرێتەوە، پلانی بۆ دابرێژرێت، کاری بۆ بکرێت و لەلایەن کوردەکان خۆشیانەوە، ڕابگەیەنرێت**

لە پشت بەعەرەب و فارس و توورك و موسوڵمانکردنی کوردەکانەوەیە و ئەمە هەمان بیرۆکەی خۆتواندنەوەی مێژووییە، کە بووە هۆکاری پشتەوەی خۆبەعەرەبکردنی زۆرێك لە بنەماڵە و ناودارە کوردە دەسەڵاتدارەکان، کە لەسەر دەستی بەعسییەکان ئەم بیرۆکەیە جارێکی تر خرایەوە خزمەت دەرهاویشتنەوەی کورد لە مێژوو و بە «ئەویترکردنەوە»ی و بە «دووژمنکردنی کورد» لەبەردەم عەرەب و ئیسلامدا و پرۆسەی ئەنفال و جینۆسایدی لێکەوتەوە. (من ئەم چیرۆکەم لە کتێبی: قەفەسی ئاسنین، یان بۆ ببمەوە بە عێراقی؟! ٢٠٠٣دا باس کردووە و پێویست بە دووبارەکردنەوەی ناکات). ئەوەی بابەتیە، لەعنەتی لە کورد کردووە و ئەوەی بابەتیە لە ژەهری تواندنەوە و مەرگی مێژوویی کوردەکان زیاتر هیچیتری پێ نییە.

٥. بانگەوازخوازانی هەلومەرجی بابەتی، مەسەلەی خستنەڕووی دەوڵەتی کوردی، وەك مەسەلەیەکی بابەتی و دەرەخودی تەماشا دەکەن، لەکاتێکدا ئەو مەسەلەیە تەواو خودیانە و کوردیانە و مرۆییانەیە. ئەوەشمان بیر نەچێت، کە هەشتا ساڵ زیاترە ئەم هەلومەرجە بابەتیە، ڕێگری هەرە سەرەکیی بووە بۆ خستنەڕووی وەها بیرۆکەیەك، کە بەلای منەوە، لە مەلا مەحموودی بایەزیدییەوە، وەك کوردێك، کە درکی بە پێویستیی کوردەکان بە دەوڵەت کردووە، خراوەتە ڕوو. بەمجۆرەش هەمیشە هەلومەرجخوازیی بابەتی وەك ڕەوتێکی بیرکردنەوەی باڵادەست و باو، ڕێگری دامەزراندنی وەها دەوڵەتێك دەمێنێتەوە بۆ کورد و بۆ هەمیشەش ئەم بیرۆکەیە وەك پرۆژەی کوردەکان، واتە پرۆژەی هەلومەرجخوازانی تایبەت دەمێنێتەوە.

٦. من دەمەوێت، بە پێچەوانەی ڕەوتی هەلومەرجخوازانی بابەتییەوە، لەبەر ئەم بەڵگانەی خوارەوە، بەرگریی لە ڕەوتی هەلومەرجباوەڕانی تایبەت و خودی و لە هەمان کاتیشدا هەلومەرجخوازانی بابەتیی بکەم و بیسەلمێنم کە ئەم دوو هەلومەرجە لێکدی دابڕاو نین. واتە دەمەوێت ئەو بەڵگانە بخەمە ڕوو کە ئاشکرای دەکەن، مەسەلەی بیرکردنەوە، پلانداڕشتن، کاربۆکردن و ڕاگەیاندنی بیرۆکەی دەوڵەتی کوردی، پێویستە لە دەرەوەی، لە سەرەوەی، یان لە پێشەوەی هەلومەرجە بابەتیەکان بیری لێبکرێتەوە، پلانی بۆ دابڕێژرێت، کاری بۆ بکرێت و لەلایەن کوردەکان خۆشیانەوە، ڕابگەیەنرێت. ئەمجا دوای ئەمە بیر لە هەلومەرجە بابەتیەکان بکرێتەوەو ڕووبەڕوویان بوەستینەوە و پێکەوە ئەو باجە بدەین کە بۆ وەها پرۆژەیەك پێویستە. چونکە ئەم بڕیارە تەنیا تاقیکردنەوەیەکی مێژووە بۆ کوردەکان تاکو خۆیان لە «پەراوێزی مێژووی مرۆڤایەتی» و لە ژێر سێبەری باڵادەستیی سیاسیی «ئەوانیتر» بهێننە دەرێ و ئەو شتە بکەن کە بۆ سەلماندنی کەسایەتی مرۆییانەی خۆیان لە جیهاندا پێویستییان پێی هەیە. بەبێ ئەم تاقیکردنەوەیەی خودی کوردی بۆ ئیرادەی خۆی، بەبێ ڕزگاربوونی خودی کوردی لەم هەرێمەدا، لە خودی عێراقی، ئەوە کوردەکان هەر لە دەرەوەی مێژووی مرۆڤایەتی بە مانا بوونناسیی و ئۆنتۆلۆژییەکەی دەمێننەوە و مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە.

٧. یەکەم بەڵگەم بۆ ئەوەی کە پێویستە

**هەشتا ساڵ زیاترە ئەم هەلومەرجە بابەتیە، ڕێگری هەرە سەرەکیی بووە بۆ خستنەڕووی بیرۆکەیەک، کە بەلای منەوە، لە مەلا مەحموودی بایەزیدییەوە، وەک کوردێک، کە درکی بە پێویستیی کوردەکانی بە دەوڵەت کردووە، خراوەتە ڕوو**

سەرەتا بیر لە هەلومەرجی خودی بکەینەوە، ئەوەیە کە بیرۆکەی دەوڵەتی کوردی بیرۆکەیەکی چارەنووسسازە و پێوەندیی بە خودی کوردییەوە هەیە. ئەگەر خودی کوردی گەیشتبێتە ئاستێکی هوشیاریی ئەوتۆ کە خەمی دامەزراندنی دەوڵەت بۆی بووبێتە پرسیار، بەمانای ئەوەیە ئێمە لەگەڵ

**ڕاگەیاندنی دەوڵەتی نەتەوەیی بۆ کورد لە ناچارییەکی مێژوویی و جەبرێکی ئۆنتۆلۆژییەوە هاتووە، نەک ویستی تاکەکەسێک، یان قارەمانێک، یان دەسەڵاتدارێک. هەربۆیەشە ڕەتدانەوەو ڕێگریکردنیش لە ڕاگەیاندنەکەی لە سەرووی ویست و خواستی کەسانێک و دەسەڵاتدارانێکی ترەوەیە**

ئەم خودە کوردیەدا گەیشتووینەتە ئاستێ: کە دەیەوێ مێژووی مانەوە تێپەڕێنێت و بچێتە ناو مێژووی بوون خۆیەوە و بوونی خۆی بژی و تیایدا ئیرادەی کوردیانەی خۆی لەو ژیانەدا بەرجەستە بکات. ئەمەش لە کاتێکدا کە هەلومەرجی بابەتی، واتە ئامادەیی میللەتە خاوەن دەوڵەتەکانیتر بۆ ئەم مەسەلەیە ئامادەیە و هیچ میللەتێکی واقیعبین ناتوانێت ڕەوایەتی بدات بەکارێك کە بۆخۆی چێژی لێوەردەگرێت و ڕێگە لە میللەتێکی دیکە بگرێت، کە ئەو کارە نەکات.

٨. لەبەر ئەوە مەسەلەی ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردی، مەسەلە و کێشەیەکی ڕەهایە و دەبێت ڕوو بدات. چونکە پەیوەندیی هەیە بە بەرجەستەبوونی مێژوویانە و مرۆییانەی کوردەکانەوە، نەك لەبەر ئەوەی ڕابردوویەکیان لە پەراوێزی مێژوودا هەیە، نەك لەبەر ئەوەی لە ئێستادا لە پەراوێزی دەسەڵاتی مەرکەزیی ئەو وڵاتانەدا دەژین کە کوردستانیان بەسەردا دابەش بووە،

**هەلومەرجی بابەتی کۆمیدیای بیرکردنەوەو مێژوویەکە، کە تیایدا هەمیشە کوردی خستۆتە پەراوێزەوەو لە ئاست ئەوانیتردا بچووکی کردۆتەوەو ناچاری کردووە هەردەم کەمێک پاشەکشە بکات، کەمێک دەست لە خواستەکانی خۆی هەڵبگرێت، کەمێک بچێتە دواوە، بۆ ئەوەی ئەوانیتر و ڕژێمەکانی ناوچەکە کەمێک زیاتر بێنە سەنتەرەوە**

بەڵکو لەبەر ئەوەی ئەوان چاوەڕوانییان لە داهاتوو هەیە. ئەم چاوەڕوانییە بەبێ بوونی دەوڵەتی نەتەوەیی نایەتە دی و دەوڵەتی نەتەوەیی تەنیا ئامانجێکە، کە ئامرازی بەرجەستەبوونی مێژوویی کوردەکان دەستەبەر دەکات. بەمجۆرەش دەتوانرێ بگوترێ: کورد بەبێ دەوڵەت ناچێتە مێژووەوە.

٩. کەسایەتی کوردی تەنیا لە چوارچێوەی دەوڵەتی نەتەوەییدا خۆی بەرجەستە و کامڵ و تۆکمە دەکات و دەبێتە خاوەن شوناسی خۆی و چێژ لەو جیاوازییانە وەردەگرێت، کە لەگەڵ ئەوانیتردا هەیەتی. هەرچەندە لە ڕابردوودا وزەی سەرەکیی ئەم کەسایەتیە لە خەباتکردنیدا بۆ مانەوە و بەردەوامی، لە چوارچێوەی دەستبەسەربوونی لە ژیانێکی توێنراوەداو لە ژێر دەسەڵاتی ستەمکاریدا، بە فیڕۆ چووە، بەڵام مێژوو ساتەوەختێکی تایبەت دەهێنێتە پێشەوە، کە تیایدا خودی کوردی لە خودێکی پەرتەوازەی لێکهەڵوەشاوەوە، دەگۆڕێت بۆ بکەرێك لە مێژوودا. تەنیا لەم دۆخەشدایە، کە ئەو بکەرە بەرجەستە دەبێت، تەعبیر لە ویستی خۆی دەکات و خەونەکانی خۆی لەسەر عەردی واقیع دەبینێت، کەسایەتی کورد خۆی لە ویستی ئەوانیتر ڕزگار دەکات و مێژووی سەپاوی ئەوانیتر ڕەتدەکاتەوە و مێژووی خۆی چێدەکات.

١٠. بەمجۆرەش بەبێ دەوڵەتی نەتەوەیی، کە هاندەر و بیرۆکە و بکەرەکەی کورد بێت، خودی کوردی نابێتە کەسایەتیەکی یاسایی خاوەن سەروەریی بەسەر مێژوو، جوگرافیا و کولتووری خۆیەوەو لە دنیای هەلومەرجە بابەتیەکاندا، لە وڵاتانی ترو لەلای میللەتانی تر، هەر وەك شوناسێکی پەرتەوازەی شەرمن و لەت وپەت بوو، دەمێنێتەوە، کە هیچ کاتێك کوردبوونەکەی نابێتە نیشانەی ناسینەوەی کەسایەتیەکەی، ئەگەر لەهەمان کاتیشدا پاشگرە میراتیەکانی ستەمکاری (عێراقی و ئێرانی و تورکیایی و سوری) پێوە نەبێت، کە هیچکامێك لەم پاشگرە میراتیانە، بەرجەستەکەر و ئاشکراکەر و دەربڕی شوناس و مرۆڤبوونی ئەم بوونەوەرە نەبوون، کە بە پێی سرووشت و ویستی خودای پەروەردگار، ناوی کوردە و وەك ئەوەی کە هەیە، دەبێت هەبێت، نەك وەك شتێکی تر، کە ئەو نییە و ناچاری دەکات، هەر شتێکی تر بێت جگە لەخۆی..

١١. ڕاگەیاندنی دەوڵەتی نەتەوەیی بۆ کورد لە ناچارییەکی مێژوویی و جەبرێکی

**بیرۆکەی هەلومەرجی بابەتی لە پشت بەعەرەب و فارس و توورک و موسوڵمانکردنی کوردەکانەوەیە ئەمە هەمان بیرۆکەی خۆتواندنەوەی مێژووییە، کە بووە هۆکاری پشتەوەی خۆبەعەرەبکردنی زۆرێک لە بنەماڵە و ناوداره کوردە دەسەڵاتدارەکان**

ئۆنتۆلۆژییەوە هاتووە، نەك ویستی تاکەکەسێك، یان قارەمانێك، یان دەسەڵاتدارێك. هەربۆیەشە ڕەتدانەوەو ڕێگریکردنیش لە ڕاگەیاندنەکەی لە سەرووی ویست و خواستی کەسانێك و دەسەڵاتدارانێکی ترەوەیە. ناچارییەکی مێژوویە چونکە کورد لە هەموو جیهاندا هەتا بە بێ دەوڵەت بمێنێتەوە هەر لە دەرەوەی مێژووەوە دەمێنێتەوە. ئەم فاکتە پەیوەندیی بە بڕواداری و بێبڕوایی کوردەکان و مسوڵمانبوون و غەیرەمسوڵمانبوونی ئەوانەوە نییە، بەڵکو پەیوەندیی بە مرۆڤبوونی ئەوانەوە هەیە وەك کورد، کە ڕێگرە لەبەردەمیاندا بۆ ئەوەی شتێکی تر بن!. هەروەها ئەم مەسەلەیە جەبرێکی ئۆنتۆلۆژیشە لەسەر کوردەکان، چونکە ئەوان لە دەرەوەی بەجێهێنانی ئەم جەبرەوە، ناتوانن وەك کورد لە گەردووندا هەبن، هەروەکچۆن لەمەوپێشیش نەبوون. ئەوان بۆیە هەن، چونکە دەبێت وەکخۆیان هەبن و ئەو دەفرەش کە ئەوان وەکخۆیان دەهێنێتە بوون، بریتیە لە

**لایەنگرانی هەلومەرجی بابەتی جارێکی دیکەش بەهەڵەدا چوون، چونکە ئەوان هەڵوێستێکی سایکۆلۆژیی تایبەتی خۆیان لە ئاست کەسێکدا، کە دەشێت ئەوان بە دڵیان نەبێت، دەخەنە بری مافێکی ڕەوای کوردەکان بۆ تەحقیقکردنی مرۆییانەو مێژووییانەی خۆیان کە مافێکی سرووشتیە نەک موزایەدەی سیاسی**

چوونە ناو مێژووەوە بە هۆی دامەزراندنی دەوڵەتی خۆیان و دروستکردنی کەسایەتی نێونەتەوەیی خۆیان لە جیهاندا. لایەنگرانی هەلومەرجی بابەتی بە چاوپۆشین لەم ڕاستیانە، بەڵام بەشێوەیەکی شاراوە، بۆیە بیرۆکەی دەوڵەتی کوردی ڕەتدەکەنەوە، چونکە ئەم بیرۆکەیە دەبەستنەوە بە بیرۆکەی کەسێکەوە، کە لەڕووی ئایدیۆلۆژییەوە، پەسەندیان نییە و پێیانوایە بۆیە سەرۆکی هەرێم ئەو بیرۆکەیەی هەژاندووە، چونکە بۆخۆی تەماعی لە پۆستەکەیدا هەیە. ئەم بۆچوونە سەراپا هەڵەیە، تەنانەت ئەگەر ئەوەش ڕاست بێت کە مەسعودبارزانی خۆی بیرۆکەی بوونە یەکەم سەرەککۆماری کوردستانی لەسەردا بێت. بیرۆکەکە هەڵەیە، چونکە بوونی کورد دەکەوێتە پێش بوونی هەرکەسێکەوە، کە بیرۆکەی دەوڵەتی کوردی بەرجەستە دەکات و بۆی هەیە ببێتە یەکەم سەرەك کۆماری کوردستانی ئازادیش. بیرۆکەکە جارێکی تریش هەڵەیە، چونکە لەسەر بنەمای بچووککردنەوەیەکەوە کار دەکات، کە بوونی کەسێك دەکاتە هۆکاری دامەزراندنی ئەو دەوڵەتە. ڕاستە دەکرێ باس لە ڕۆڵی کەسایەتی لە مێژوودا بکرێ، بەڵام بوونی کەسێك مەرج نییە بۆ بوونی نەتەوەیەك، بەڵکو ئەوە بوونی نەتەوەییە کە ڕۆڵ و پێگە دەداتە کەسایەتیەکان لە مێژوودا. لایەنگرانی هەلومەرجی بابەتی جارێکی دیکەش بەهەڵەدا چوون، چونکە ئەوان هەڵوێستێکی سایکۆلۆژیی تایبەتی خۆیان لە ئاست کەسێکدا، کە دەشێت ئەوان بە دڵیان نەبێت، دەخەنە بری مافێکی ڕەوای کوردەکان بۆ تەحقیقکردنی مرۆییانەو مێژووییانەی خۆیان کە مافێکی سرووشتیە نەك موزایەدەی سیاسی.

١٢. لەبەردەم هەر سەرەتایەکدا بۆ ڕاگەیاندنی دەوڵەتی نەتەوەیی کوردی، پێویستە یەکەم قسەکەر لەوبارەیەوە کوردەکان بن و یەکەم هەنگاوی تەندروستانەیش هەڵبژاردن و ڕاپرسی و هەمەپرسیە، کە پێویستە لەوێوە دەست پێکەین، ئەمە ئەو هەنگاوەیە من پشتگیریی لێدەکەم و کوردەکان بە موستەحەقی ئەو پیرۆزباییە دەزانم، کە پێویستە مرۆڤایەتی پێیان ڕەوا ببینێت، هەروەکچۆن بە درێژایی مێژووش ستەمکاری و چەوساندنەوەو جینۆسایدو کۆمەڵکوژیی پێڕەوا بینیون..

هیوادارم هەمووومان بەخۆماندا بچینەوە..

**٢٠١٢/٥/١٢**




**لەبەردەم هەر سەرەتایەکدا بۆ ڕاگەیاندنی دەوڵەتی نەتەوەیی کوردی، پێویستە یەکەم قسەکەر لەوبارەیەوە کوردەکان بن و یەکەم هەنگاوی تەندروستانەیش هەڵبژاردن و ڕاپرسی و هەمەپرسیە، کە پێویستە لەوێوە دەست پێکەین**






Comissão





# توركیا دەوڵەتی میحوەر لە كێشەكانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا







**((حکومەتی تورکیا لەڕێی بەهێزکردنی پێوەندیەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان هەوڵدەدا کاریگەری ئابووری و سیاسی خۆی لەناوچەکەدا زیاتر بکات ئەمە ڕووداوێکی مێژوویی نوێیە کە پێشتر بوونی نەبووە و ئێستاش تورکیا ناتوانێ نکۆڵی لەمە بکات. بەتایبەتی کە ئێستا بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، بەڕێزیان یەکێك لەو کەسایەتیانەی کە لەتورکیا ڕێزێکی زۆری لێدەگیرێ و لەئەوروپاش بەهەمان شێوەو یەکێکە لەسیاسەتمەدارە سەرکەوتوو و ڕاست و دروستەکان)).**

ئەگەر هەتا ساڵی پار و دەسپێکی گۆڕانکارییەکانی وڵاتانی عەرەبی هەڵوێستی تورکیا لەهەندێك بواردا لەگەڵ هەڵوێستی ناتۆ و ئەمریکا یەکی نەگرتبێتەوە، لەدەسپێکی ئەمساڵەوە تورکیا بەو ئاراستەیە سیاسەتی دەرەوەی خۆی ڕێکخستۆتەوە کە لەگەڵ سیاسەتی ڕۆژئاوا پێچەوانەوە نەبێتەوە، سەبارەت بەم لایەنەی تورکیا ڕۆڵی لەکێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پرۆفیسۆر تالیب کوکچان ئوستادی سیسیۆلۆژی لەزانکۆی ئەستەنبوڵ و ڕاوێژکاری سەرۆك کۆماری تورکیا بۆ ئەنجوومەنی خوێندنی باڵا لەلێدوانێکی تایبەتی بۆ گوڵان بەمجۆرە سەبارەت بەڕۆڵی تورکیا لەناوچەکە هاتە ئاخاوتن: (تورکیا هەر لەسەرەتای ساڵانی ٢٠٠٠ـەوە بەهۆی سەقامگیری ئابووری و سیاسییەوە بوژانەوەیەکی گەورەی بەخۆیەوە بینیووە و بۆتە ئەکتەرێکی سەرەکی لەناوچەکەدا. هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە گەڕایەوە کە سیاسەتەکانی ئەمریکا لەو کاتەدا لەهەمبەر عێراق و ناوچەکە دژایەتی دەکرا و یەکێتی ئەوروپاش بەهۆی قەیرانی ئابوورییەوە ڕۆڵی کەمتربووەوە، بۆیە لەم چوارچێوەیەدا ڕۆڵی تورکیا زیاتر دەرکەوت، لەبەر ئەوەی بۆشاییەك لەناوچەکە هەبوو، تورکیاش دەستی کرد بەپڕکردنەوەی ئەم بۆشاییە و ئەمەش ڕەنگدانەوەی پەیڕەوکردنی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا بوو، لەبەر ئەوەی تورکیا تا نزیکی ساڵی ٢٠١٠ کەمتر بایەخی بەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەدا، بەڵام دواتر بایەخی زیاتری پێدا و ئەو ئاستەی ئەمڕۆ تورکیا پێی گەیشتووە بەهۆی بوونی بە١٧ گەورەترین ئابووری جیهان و ٦ گەورەترین ئابووری ئەوروپا بۆتە خاوەنی کاریگەر و سەرمایەیەکی زۆر بەهێز، واتە ئەم گەشەسەندن و گەورەبوونەی تورکیا زۆر کاریگەر و گرنگە ئەمەش بەرەنجامی ئەو سیاسەتەیە. دووەم، تورکیا تا ئەم دواییانە نەیتوانیبوو پێوەندیەکی تەندروست لەگەڵ خەڵك و سەرکردەکانی ناوچەکە دروست بکات، بەڵام ئێستا توانراوە پێوەندی باش لەگەڵ سەرکردەکان و خەڵکی ناوچەکە دروست بکرێت و تورکیا وەك نموونە و مۆدێلێك هاتە پێشەوە، هەرچەندە خۆی بەمۆدێل و برا گەورە لەقەڵەم نادات لەناوچەکە، بەڵام کاتێ سەیری ڕاستیەکان دەکەین دەبینین بەپێی بۆچوونەکانی ڕۆژئاوا و پسپۆڕانی جیهانی عەرەبی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێیانوایە کە تورکیا دەوڵەتێکە

**تورکیا پێوەندییە ئیقلیمەییەکانی بەجۆریك ڕیکخستۆتەوە کە لەگەڵ ناوچەکە دەگونجێت و لەسەر ئاستی ناوخۆش هەنگاوەکانی بەو جۆرەن بەتەواوەتی ببێتە دەوڵەتێکی مەدەنی و دیموکراتی**

دەتوانرێ ببێتە سەرچاوەی ئیلهام بۆ زۆربەی دەوڵەتانی ناوچەکە، چونکە تورکیا پێوەندییە ئیقلیمەییەکانی بەجۆریك ڕیکخستۆتەوە کە لەگەڵ ناوچەکە دەگونجێت و لەسەر ئاستی ناوخۆش هەنگاوەکانی بەو جۆرەن بەتەواوەتی ببێتە دەوڵەتێکی مەدەنی و دیموکراتی، لەهەمان کاتدا تورکیا پێوەندیەکانی لەگەڵ ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بەشێوەیەکی هاوسەنگ بەڕێوەدەبات، واتە نە بەلای ڕۆژهەڵاتیدا ڕۆیشتووە و نە بەلای ڕۆژئاوادا ڕۆیشتووە، ئەمەش تورکیا بەهێزتر دەکات واتە وەك جارانی پێشوو تورکیا تەنیا هێز لەسەربازەوە وەرناگرێ، بەڵکو هێزی ڕاستەقینە لەڕێگەی سەرمایەیەکی کلتوور و مێژوو و کۆمەڵایەتی و میدیاو... تاد. بەدەست دەهێنرێ و تورکیاش خاوەنی ئەم سامانەیە. ئەو وڵاتانەی کە تا دوێنێ لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کاریگەر بوون وەك وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئەوروپا چیتر کاریگەر نین، چونکە بەکێشەکانی خۆیانەوە سەرقاڵن و لەلایەکی تریشەوە ئەوروپا و ئەمریکا هەرگیز نەبوونەتە سەرچاوەی ئیلهام بۆ کۆمەڵگە ئیسلامیەکان، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا سیستەم و شێوازی نوێ چۆن دەبێ، لەکاتیکدا تورکیا یەکێکە لەوڵاتانی ناوچەکە کە دەشێ وەك نموونەیەکی سەرکەوتوو ببێتە سەرچاوەی ئیلهام بۆ دەوڵەتانی تر، چونکە تورکیا وڵاتێکە کە زۆرینەی موسڵمانە و بەردەوامە لەگەشەسەندن و پێشکەوتن و سەقامگیری. بۆیە بەکورتی تورکیا بەهۆی کاریگەری ئابووری و کرانەوەی سیستەمی سیاسی و لەمەش گرنگتر کە وڵاتێکە زۆرینەی دانیشتوانەکەی ئیسلامن، بۆتە هۆکاری ئەوەی وەك نموونەیەکی سەرکەتوو لەناوچەکە سەیر بکرێت، لەمەش زیاتر بۆچوونی تورکیا سەبارەت بەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەوجۆرەیە ئەگەر کێشەیەك لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەبێ، ئەوا پێویستە چارەسەریش لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە بدۆزرێتەوە و دەکرێ پرس بەئەمریکا و ئەوروپاش بکرێ و ئاڵوێری بیروڕا بکرێ، بەڵام بەدڵنیاییەوە پێویستە چارەسەر بۆ کێشەی ناوچەکە لەناوچەکەوە بدۆزرێتەوە بەبێ هیچ دەستێوەردانێکی سەربازی دەرەکی، چونکە دەستتێوەردانی سەربازی دەبێتە هۆی دروستکردنی نموونەی وەك عێراق و ئەفغانستان و ئاڵۆزی و کێشە دەنێتەوە. تورکیا بەدوای دۆزینەوەی چارەسەری ناوچەییە بۆ کێشە ناوچەییەکان و پاڵپشتی ئەمە دەکات،

بۆیە کاریگەری زیاتر دەبێت و بەهۆی مێژوو و جوگرافیا و داهاتووی هاوبەش پاڵپشتی ئەم بیرۆکەیەی دەکات، چونکە تورکیا هەروەکو ئیران و عێراق و سوریا بەشێکی ئەم جوگرافیایە پێکدەهێنێ و بڕوای وایە کە پێویستە بەیەکەوە بژین، بەڵام ئەمە شتێکی قورسە کە لەدەرەوە بەم شێوەیە لێکبدرێتەوە، ئەگەر ڕۆژئاوا پێی خۆشبێ یان نا و ئەمریکا بیەوێ یان نا تورکیا هێزێکی کاریگەری ناوچەکەیە. لەماوەی ١٠ ساڵی ڕابردوو وەزیری دەرەوە و بەرپرسان و وەزیرانی تری تورکیا بە بەردەوامی لەچاوپێکەوتن و سەردان دان لەگەڵ سەرکردە و بەرپرسانی وڵاتانی ناوچەکە و هەوڵدەدەن بۆ بەهێزکردن و چڕکردنەوەی پێوەندیەکان و لەڕووی ئابوورییەوە هەر بەهەمان شێوە گەشەسەندنێکی ئەوتۆمان بەخۆمانەوە بینیوە هەموو ئەمانە تورکیایان کردە ئاکتەرێکی بەهێزی ناوچەکە، بەڵام بوونە ئاکتەرێکی بەهێز پێویستە مانای ئەوە نەگەیێنێ کە ئێمە دەتوانین بەشێوەیەکی نوێ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دروست بکەینەوە)).

ئەوەی پرۆفیسۆر کوکچان ئاماژەی پێکرد، ئاماژە کردنێکە بۆئەوەی تورکیا توانیوویەتی بەشێوەیەکی تارادەیەك جیاواز بۆشاییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پڕبکاتەوە، بەڵام هەندێك لەچاودێران وایدەبینن کە ئەم جیاوازییە نابێت لەگەڵ هەڵوێستەکانی ڕۆژئاوا پێچەوانە بێت، بەڵام وەك ساڵی پاریش بینیمان تورکیا لەمەسەلەی هێرشەکانی ناتۆ بۆسەر لیبیا هەڵوێستی جیاواز بوو، سەبارەت بەم لایەنە پرسیارمان لەپرۆفیسۆر حوسێن باغچی ئوستادی پێوەندییە نێودەوڵەتیەکان لەزانکۆی تەکنیکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەئەنکەرا کرد و ئەویش

**پێویستە تورکیا زیاتر به بەئیمکانییەت و لەسەرخۆبێ و پێوەندیەکانی بەهێزتر و باشتر بکات لەگەڵ وڵاتانی دراوسێی**

لەلێدوانێکی تایبەت بەگوڵان بەمجۆرە هاتە ئاخاوتن: (گەشەسەندنەکانی ئەم دواییانە لەناوچەکەدا هەلی ئەوەیان بۆ تورکیا ڕەخساند کە ببێتە یەکێك لەو دەوڵەتانەی کە سیستەمێك لەناوچەکە دروست دەکەن، بێگومان تورکیا ناتوانێ بەتەنیا بەم کارە هەڵسێ، بەڵکو پێویستە بەهەماهەنگی لەگەڵ ئەمریکا و یەکێتی ئەوروپا ئەم کارە ئەنجام بدات و هەروەکو باسم کرد ئەم گەشەسەندنەی بەم دواییانەی تورکیا لەڕووی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی شایەنی ئەوەیە وەك نموونە وەربگیرێت لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەرەو زیاتر کاریگەرتر بوونی تورکیا لەناوچەکە دەڕۆین، لێرەدا پێویستە تورکیا زیاتر بە بەئیمکانییەت و لەسەرخۆبێ و پێوەندیەکانی بەهێزتر و باشتر بکات لەگەڵ وڵاتانی دراوسێی، بەڵام بەم دواییانە دەبینین کە چەند

**تورکیا بەهۆی کاریگەری ئابووری و کرانەوەی سیستەمی سیاسی بۆتە هۆکاری ئەوەی وەك نموونەیەکی سەرکەوتوو لەناوچەکە سەیر بکرێت**

کێشەیەك لەپێوەندیەکانی تورکیا لەگەڵ وڵاتانی دراوسێی هەیە وەك ئیران و عێراق و سوریا و ئەگەر ئەرمەنستانیش بخەینە پاڵ ئەمانەوە، ئەوا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە لەنێوان ١٠ دراوسێی تورکیا لەگەڵ چواریان کێشە و ناکۆکی هەیە. بەڕاستی پێویستە ئەوەش بزانین کە تورکیا لەڕووی سیاسی و ئابوورییەوە گەیشتە ئەو ئاستەی کە بتوانین هەست بەکاریگەرییەکەی بکەین لەناوچەکەدا. سەبارەت بەهەڵوێستی جیاوازی تورکیاش لەسەر مەسەلەی دەستێوەردانی لیبیا من پێموانییە تورکیا هەڵوێستێکی دژ بەئەمریکای هەبووبێ، بەڵام ئەگەر مەبەستتان ناتۆیە، ئەوا لەبواری لیبیا تورکیا سەرەتا هەڵوێستێکی دژایەتی وەرگرتبوو دواتر لەگەڵ ناتۆ بەیەکەوە و لەگەڵ یەکێتی ئەوروپا بەیەکەوە جوڵانەوە،

**وەك جارانی پێشوو تورکیا تەنیا هێز لەسەربازەوە وەرناگرێ، بەڵکو هێزی ڕاستەقینە لەرێگەی سەرمایەی کلتوور و مێژوو و کۆمەڵایەتی و میدیا بەدەست دەهێنرێ**

ئەمە بەسیاسەتی پراگماتیکی ئەردۆگان ناونرا، واتە هەستی کرد کە هێز لەکوێیە و پاڵپشتی هێزەکەی کرد و دواتریش وەکو دەزانن تورکیا بنکەی ئیزمیری بۆ هێزی ناتۆ کردەوە لەلوتکەکەی شیکاغۆ کە لەمانگی مایسی ئەمساڵ ئەنجامەدرا پێشبینی ئەوە دەکەم تورکیا لەئاستی وڵاتێکی لاوەکیەوە دەگوێزرێتەوە بۆ وڵاتێکی میحوەری بەهێز و زیاتر لەمیحوەر نزیك دەبێتەوە، ئەمەش وا لەناتۆ دەکات کە لەمەودوا زیاتر گوێڕایەڵی دەنگی تورکیا بێت لەئۆپەراسیۆنەکانی داهاتوو و لەدوایین گەشەسەندن کە دوێنێ ڕوویدا تورکیا پێوەندی نێوان ناتۆ و وڵاتانی تری وەك یۆنان و ڕووسیا ڕاگرت و تورکیا ڤیتۆی لەبەرامبەر مافی بەیەکەوە ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی ئیسرائیلی و ناتۆ بەکارهێنا، ئەمە لەرۆژئاوا وەك هەڵوێستێکی دوژمنانە لەبەرامبەر ئیسرائیل لەقەڵەم درا و ڕەخنەیەکی زۆری لێگیرا، بەڵام لەمێژووی تورکیا بۆ یەکەمین جارە کە تورکیا سیاسەتێکی وا پەیڕەو بکات، لەڕاستیدا لە٢٠٠٨ لەوەتەی لوتکەی بوداپست تورکیا سیاسەتێکی ناکۆك و گرژ لەبەرامبەر ناتۆ پەیڕەو دەکات، بەواتایەکی تر تورکیا دەستی کرد بە بەکارهێنانی ئەو مافانەی کە تا ئێستا بەکاری نەهێناون لە لەئەنجامی ئەمەشدا ئێستا جێگری دووەمی ناتۆ تورکە و لەلوتکەکەی بوداپست بەهێزترین دەوڵەت کە دژی بەئەندام بوونی جۆرجیا و ئۆکرانیا وەستا تورکیا بوو، بۆ یەکەمین جارە تورکیا دەستکاری سیستەمی ناوەکی ناتۆ دەکات و هەروەك چۆن فەرەنسا و وڵاتانی تر ڕێگرن لەبەردەم بەئەندامبوونی تورکیا لەیەکێتی ئەوروپا، بەهەمان شێوە تورکیاش هەمان کار لەناو



تالیب کوکچان بۆ گوڵان:

# ئێستا توركیا یەكێكە لەگرنگترین دەرگاكانی ڕۆژئاوا بۆسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

ناتــۆ دەكات، هەرچەندە توركیا چەندین ڕەخنەی لێگیراوە لەدەوڵەتانی ڕۆژئاوا، بــەڵام لەوە ناچێت واز لەم سیاســەتەی بێنیَ هەروەكو پێشــینان وتویانە (چاوێك بەرامبەر چاوێك) هــەروەك چۆن ئەوان ڕێگری و بەربەســت بۆ توركیا دروست دەكەن لەڕێگای بوون بەئەندام لەیەكێتی ئەوروپــا بەهەمان شــێوە توركیا هەمان كار لەناتــۆ دەكات و ئەمەش لەمێژووی ناتۆ یەكەمین جارە كارێكی وا ڕوودات، هەربۆیە پێویســتە بەم شــێوەیە سەیری توركیا بكەین كە خەریكە ببێتە هێزێكی ئاسایشــی نێودەوڵەتی و ئەمەش مانای بەرپرســی ئەندامێتی نویَ دەگەینیَ و تەنانەت لەكاتی پێویستدا دەتوانیَ بڕیار بدات بۆ دەســت تێوەردان لەوڵاتانی تر، ئەمەش بریتییە لەسیاســەتی پاراستن، لەم ڕووەوە ناتــۆ دامەزراوەیەكی نەگۆڕ نییە، بەپێچەوانــەوە لەماوەی داهاتوودا گۆڕانی ناوەكی گەورە بەخۆیەوە دەبینیَ و پێموایە ئەگەر ناتۆ لەماوەی داهاتوودا لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســت و لەئاســیای ناوەڕاســت بمێنێتەوە، ئەوا ســكرتێری گشتی دەبێتە تورك)).

پرۆفیســۆر كوكچانیــش هەڵوێســتی توركیای لە مەسەلەی لیبیا بەدواكەوتن وەســف دەكات نەك جیاوازی هەڵوێستی نێوان توركیا و ناتۆ و ئەمریكا، لەمبارەوە و لەدرێــژەی لێدوانەكەیــدا بۆ گوڵان كوكچان وتی: (ســەبارەت بەهەڵوێستی توركیا لەلیبیا ئێمە دواكەوتین بەتایبەتی ئێمــە پاڵپشــتی داواكاری خەڵكمان لا پەســەند بوو بــۆ گۆڕانــكاری، بەڵام لەڕووی ئۆپەراسیۆنی «ناتۆ»وە تۆزێك دواكەوتین، ئەویش لەبەر ئەوەبوو، چونكە توركیا پێی وابــوو ڕووخاندنی ڕژێمێك لەڕێی دەســت تێوەردانی ســەربازیەوە مەترســی زۆری لێدەكەوێتــەوە. لێرەدا


> **بوونە ئاكتەرێكی بەهێز پێویستە مانای ئەوە نەگەینیَ كە ئێمە دەتوانین بەشێوەیەكی نویَ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دروست بكەینەوە**

وێنە گەورەكە ئەوەیە ئایا لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست داواكاری گۆڕانكاری هەیە یان نا؟ بێگومان بەڵیَ، لێرەدا پێویســتە ئەوە بزانین ئایا هەڵوێستی توركیا لەبەرامبەر ئەم گۆڕانكاریانــە چی بوو؟ دەبێت بەم شێوەیە ڕووداوەكان بخوێنینەوە، لەتونس و میســر كە داواكاری بۆ گۆڕینی ڕژێم ســەریهەڵدا توركیا پاڵپشتی كرد و پێی وابوو پێویستە پرۆسەی بەدیموكراتیبوون و ئازادی دەســت پێبكات و پێویســتە سەیری ئەم هەڵوێستە بكەین ئایا پێویستە چۆن ئەم پرۆســەیە پەیڕەو بكریَ، لێرەدا لەوانەیە لەڕێگەیەك زیاتر هەبیَ، چونكە بــۆ نموونــە لەتونس و میســر، توركیا پاڵپشــتی خەڵكی كرد كە بەڕێگایەكی مەدەنیانە خەڵك ئەم گۆڕانكارییە ئەنجام بدات، بەڵام بەهۆی لاوازی كۆمەڵگەی مەدەنی لەلیبیا و لاوازبوونی ئۆپۆزسیۆن و بەهێزبوونی لەشــكری قەزافی لەویَ، هەســتكرا كەوا بەبیَ دەست تێوەردانێكی دەرەكــی ناتوانریَ هیــچ گۆڕانكاریەك بكریَ و توركیاش تۆزێك درەنگتر ئەمەی بەپێوســت زانی، بۆیە هەڵوێستی توركیا لەپاڵپشتیكردنی ناتۆ لەلیبیا وادەركەوت، ئەمــەش مانــای ئــەوە ناگەینیَ كە هەمان هەڵوێستی ئەمریكای وەرگرتووە بەرامبــەر لیبیــا، بەڵكــو توركیا تەنیا پاڵپشتی داواكاری گۆڕانكاری دەكات و كاتیَ ئەمــەش دەكات هەوڵ دەدا بەبیَ كەوتنــەوەی هیچ زەرەر و زیانێك و بەبیَ دروســت بوونی شــەڕ و كوشتار بیكات بۆیە من هەڵوێستەكەی لیبیا بەم شێوەیە لێكدەدەمــەوە و دواتر توركیا خۆی لەناو گروپــی پاڵپشــتیكارانی ناتۆ دۆزیەوە، بــەڵام هیواخواز بووین كە بەبیَ ناتۆ ئەم گۆڕانكاریە بەدەســت هێنرابا. هەروەها كاتیَ باسی سوریا دەكەین، ئەوا هەروەكو دەزانن لەماوەی ١٠ ساڵی ڕابردوو توركیا لەچاوپێكەوتنەكانــی لەگــەڵ ســوریا هەمیشە ئەوە دوپات دەكاتەوە كە پێویستە ڕیفۆرم و گۆڕانكاریەك بكریَ و ئەگەر بێتو ئەسەد ئەم گۆڕانگاریە بكات، ئەوا دەبێتە سەركردەیەكی مێژوویی و هەمیشە وەك ســەرۆك لەسوریادا دەمێنێتەوە. و تا مانگی ئابی ساڵی ڕابردوو توركیا بەهیچ شێوەیەك شێوازێكی توندی بەرامبەر سوریا بەكارنەهێنابوو، بەڵام لەدوای دەسپێكردنی كوشتاری بەكۆمەڵ لەمانگی ئاب كاتیَ لەمانگی ڕەمەزانیــش هەر بەردەوام بوو لەكوشــتی خەڵكی مەدەنی، ئەوا توركیا گوشاری خۆی زیاتر بەكارهێنا، كە ئەم گوشارەشــی كــرد داواكاری لەوڵاتانی عەرەبی كــرد هاوكاری بكــەن، داوای هاوكاری لەئەمریــكا و ڕۆژئاوا نەكرد، ئەم هەوڵی توركیــاش لەپێناوی ئەوەبوو زیاتر گوشار بخرێتە سەر ئەسەد بۆئەوەی گۆڕانكاری بــكات، هەروەها توركیا بۆ سوریاش دژی دەستێوەردانی سەربازییە، بــەڵام پشــتگیریش لەپلانەكەی كۆفی ئەنــان دەكات، هەرچەنــدە كە ئەم پلانە زۆر بەواقیعانە نابینیَ، چونكە ئەســەد

> **پێویستە سیستەمی ڕژێمەكانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەرلەنویَ دابمەزرێتەوە. چونكە ئەو ڕژێمانەی كە هەن تۆتالیتار و یەك حزبین**

داواکاریەکانی گەلەکەی پشتگوێ خستووە و خەڵکی مەدەنی دەکوژێ. تورکیا تەنیا دەیەوێ داواکاریەکانی خەڵك بەشێوەیەکی ئاشتیانە جێبەجێ بکرێ ئەگینا بەهیچ شێوەیەك هێرشی سەبازی لا پەسەند نییە و ئەگەر هێرشیش بکرێ، ئەوا زۆرترین زیان بەتورکیا دەگات، بۆیە ناتوانین بڵێین سیاسەتی دەرەوی تورکیا پەیوەستە بەسیاسەتی دەرەکی ئەمریکاوە، بەڵکو تورکیا بەم دواییانە دەستی کرد بەپەیڕەوکردنی سیاسەتێکی دەرەکی تەندروستتر و کاتێ ئەمە دەکات لەوانەیە جار جار هاوشێوەی ئەمریکا بێ یاخود هاوشێوەی ئێران بێ یاخود هاوشێوەی ڕۆژئاوا بێ، ئەمەش ئەوە ناگەیێنێ کە خاوەنی هەمان سیاسەتە لەگەڵ ئەو دەوڵەتانە، بەڵکو هەروەك وتمان پێویستە سیستەمی ڕژێمەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەرلەنوێ دابمەزرێتەوە، چونکە ئەو ڕژێمانەی کە هەن تۆتالیتار و یەك حزبین، بەڵام تورکیا لەناو خۆیدا گۆڕانکاریەکی گەورەی بەخۆوە بینیوە و دیموکراتتر و مەدەنی و پێشکەوتووتر بووە.. لێرەوە دەکرێت بڵێین تورکیا سەرچاوەکانی هێزی خۆی سەرلەنوێ دۆزیەوە و بەمانایەکی تر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی سەرلەنوێ دۆزیەوە و لەمە بەدوا لەبری پەیڕەوکردنی سیاسەتێکی دەرەکی ڕوو لەڕۆژئاوا بەتەنیا، سیاسەتێکی هاوسەنگی ڕوو لەڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا پێکەوە پەیڕەو دەکات، واتە لەوکاتەی هەوڵ بۆ ئەوەدات ببێتە ئەندامی یەکێتی ئەوروپا، لەهەمانکاتدا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشی لەیاد نەکردووە و سیاسەتی سفر کێشەی لەگەڵیان بەکار هێناوە و پێوەندی ئابووری توندی لەگەڵ بەستوون، هەر بۆیە تورکیا ئێستا لەبەردەمی ئەم هەڵبژاردەیە نییە یان

**حکومەتی تورکیا لەڕێی بەهێزکردنی پێوەندیەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان هەوڵدەدا کاریگەری ئابووری و سیاسی خۆی لەناوچەکەدا زیاتر**



حوسێن باغچی بۆ گوڵان:

# ڕوونکردنەوەکانی مالیکی لەبەرامبەر تورکیا نیشاندەری نزیکی پێوەندی نێوان ئێران و عێراقە

ڕۆژهەڵات یان ڕۆژئاوا، بەڵکو تورکیا لەگەڵ ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بەیەکەوە لەهەمان کات بووەتە پردێك لەنێوانیان. ئەندامێتی تورکیا لەناتۆ، تورکیای بەهێز کردووە و بوونی بەئەندامی یەکێتی ئەوروپا تورکیا زیاتر بەهێز دەکات و گرنگی تورکیاش لەلایەن ڕۆژئاوا بەهۆی شوێنە ستراتیژیەکەیەتی کە لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە و ئێستا تورکیا یەکێکە لەگرنگترین دەرگاکانی ڕۆژئاوا بۆسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.))

## تورکیا خەریکە لەمالیکی بێزار دەبێت

زۆر لەچاودێران پێیانوایە حکومەتی مالیکی نەیتوانیوە پێوەندیەکی هاوسەنگ لەگەڵ تورکیا دروست بکات، بەڵام هەرێمی کوردستان پێوەندیەکی هاوسەنگی لەگەڵ تورکیا هەیە، سەبارەت بەبێزاری تورکیا لەسیاسەتەکانی نوری مالیکی سەرۆك وەزیرانی حکومەتی عێراق، پرۆفیسۆر حوسێن باغچی لەدرێژەی وتووێژەکەی لەگەڵ گوڵاندا بەمجۆرە هەڵوەستەی کردو وتی: (لەبەر ئەوەی تورکیا و عێراق دراوسێن، ئەوا عێراق گرنگیەکی گەورەی بۆ تورکیا هەیە، بەڵام بەهۆی دوایین لێدوانەکانی مالیکیەوە بۆتە هۆی گرژی و جۆرێك لەناکۆکی لەپێوەندیەکانی نێوان تورکیا و عێراقدا، بەڵام پێوەندیەکانی تورکیا لەگەڵ هەرێمی کوردستانی عێراق بەتایبەتی بەم دواییە کە زیاتر بەرەو پێش چووە و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لێك نزیکتر دەکەونەوە بەشێوەیەك کە ئەگەر پێویستبێت تورکیا لەنێوان هەرێمی کوردستان و عێراق هەڵبژاردنێك بکات، ئەوا لەوە دەچێ کە هەرێمی کوردستان هەڵدەبژێرێ و هەروەها هاشمی لەلایەن ئنتەرپۆلەوە بەدوای دەگەڕێن، بەڵام تورکیا بەنیازی بەدەستەوەدانی هاشمی نییە و ڕایگەیاند کە کەسێك بەدەستەوە نادەن کە پاڵپشتیان کردبێ، ئەمە لەئاستی نێودەوڵەتی وەك تەحەددا لەقەڵەم درا، ئەمەش بەمانای گرژی و ناکۆکی لەگەڵ حکومەتی مالیکی دێت، چونکە ئەگەر هاشمی لەتورکیا بێت و تورکیاش ڕازی نەبێت بیداتە حکومەتی مالیکی، ئەوا ئەم ڕووداوە دەبێتە هۆی ناکۆکی لەگەڵ حکومەتی مالیکی، بێگومان ئەمەش بڕیاری حکومەتی تورکیایە و بەڕای من گرژییەکی توند لەنێوان عێراق و تورکیا هەیە و تورکیا بەرادەیەکی زۆر پاڵپشتی بارزانی دەکات ئەمەش قازانجی دوو لایەنە لەئارادایە و بەڕای من ئەوە خاڵەی کە بنەڕەتیە لەم بوارە بریتییە لەو گەشەسەندنە ئابووریە گەورەیەی کە هەرێمی کوردستان بەخۆیەوە بینیوە، بۆ نموونە هەفتەی ڕابردوو هۆتێلی دیوان لەهەولێر کرایەوە بێگومان ئەمە پرۆژەیەکی گرنگی ١٠٠ ملیۆن دۆلاریە. ئەم جۆرە پرۆژانە سەرکردەکانی ناوچەکە و دەوڵەتانی ناوچەکە بەوردی چاودێری دەکەن و من

**تورکیا لەمە بەدوا لەبری پەیڕەوکردنی سیاسەتێکی دەرەکی ڕوو لەڕۆژئاوا بەتەنیا، سیاسەتێکی هاوسەنگی ڕوو لەڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا پێکەوە پەیڕەو دەکات**



پێموایە تورکیا یەکێکە لەو دەوڵەتانەی کە بەوردی چاودێری ناوچەکە دەکات، ڕوونکردنەوەکانی مالیکیش لەبەرامبەر تورکیا نیشاندەری نزیکی پێوەندی نێوان ئیران و عێراقە، بەڵام سەرەڕای هەموو شتێك تورکیا و عێراق دوو دەوڵەتن کە پێویستیان بەیەکە و دڵنیام کە پرۆژەی نابوکۆ سەرکەوتوو نابێ تا گرژی بەم شێوەیە لەعێراق هەبێ، ئەوا چاوەڕوان ناکرێ کە بەشداربێ لەپرۆژەیەکی لەم شێوەیە و من پێموانییە کە ئەمە بگاتە ڕاددەی شەڕ و پێکدادان. لێرەدا دەمەوێ شتێکی تر بڵێم ئەگەر لەکۆتایی ئەمساڵ ڕێفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان بکرێ، ئەوا ئەوسا لەوانەیە بزاڤ و جوڵانەوەیەك لەناوچەکە ببینین، سەبارەت بەم لایەنەش من وای دەبینم هەرێمی کوردستان ناوچەیەکی بچووکە و کرانەوەی دەریایی نییە و لەکاتی ئێستادا سەربەخۆبوونی لەقازانجی تورکیا نییە، بەڵام ئەمڕۆ دەبینین کە لەوانەیە ئەو بیرۆکەیەی ١٩٩٠ەکان تورکوت ئۆزاڵ کە باسی لەسیستەمێکی فیدراڵ دەکرد لەگەڵ کوردەکان ئێستا بێتەدی، ئایا دەبێ و نابێ ئەوە لەکاتی ئێستادا دیار نییە، بەڵام پێموایە هەر کاتێ کوردستانی سەربەخۆ دامەزرا، ئەوا تورکیاش پێوەندیەکانی بەپێی ئەوە ڕێك دەخات. پێموایە ئەمە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کوردەکانی تورکیاش پێوەندیدار دەکات واتە حکومەتی تورکیا لەڕێی بەهێزکردنی پێوەندیەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان هەوڵدەدا کاریگەری ئابووری و سیاسی خۆی لەناوچەکەدا زیاتر بکات ئەمە ڕووداوێکی مێژووی نوێیە کە پێشتر بوونی نەبووە و ئێستاش تورکیا ناتوانێ نکوڵی لەمە بکات. بەتایبەتی کە ئێستا بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، بەڕێزیان یەکێکە لەو کەسایەتیانەی کە لەتورکیا ڕێزێکی زۆری لێدەگیرێ و لەئەوروپاش بەهەمان شێوە یەکێکە لەسیاسەتمەدارە سەرکەوتوو و ڕاست و دروستەکان بێگومان دووبارە هەڵبژێردرانەوە و سەردانی تورکیای شتێکی گرنگە و منیش پێموایە ئەم سەردانە کارگەریەکی پۆزەتیڤی دەبێت و پێوەندیەکان لەنێوان دوو لایەنی کە متمانەیان بەیەکتر نەبوو و لەهەنگاو هەڵگرتن دوودڵ بوون گۆڕا بۆ پێوەندی نێوان دوو لایەن کە پێوەندی ئابووری و کۆمەڵایەتیان هەیە و لەداهاتوودا لەوانەیە پێوەندی سیاسی بەهێزتریشیان بۆ دروست ببێ، بەلای منەوە ئەم گۆڕانە زۆر گرنگە لەپێوەندیەکان و وا دیارە ئێستا تورکیا چاوەڕوانی ئەوە دەکات کە بزانێ پێکهاتەیەکی چۆن دێتە ئاراوە، بۆیە هاتنی بەڕێزیان گرنگە، چونکە تا دیالۆگ و چالاکی کۆمەڵایەتی نێوان ئەم دوو لایەنە زیاتر بێ، ئەوا زیاتر هەلی بەیەکەوە ژیان و ئاشتی زیاتر دەبێ تورکیاش پێویستە ئەم هەلە لەدەست نەدات)).

**لە ئەو گەشەسەندنە ئابوورییە گەورەیەی کە هەرێمی کوردستان بەخۆیەوە بینیوە، هەفتەی رابردوو هۆتێلی دیڤان لە هەولێر کرایەوە بێگومان ئەمە پرۆژەیەکی گرنگی ١٠٠ ملیۆن دۆلاریە. ئەم جۆرە پرۆژانە سەرکردەکانی ناوچەکە و دەوڵەتانی ناوچەکە بەووردی چاودێری دەکەن**

# ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کورد لەئەجیندای سەرۆکی تازەی فەرەنسا

پاش بردنەوەی، ئەجیندایەکی زۆر چاوەڕێی سەرۆکی تازەی فەرەنسـا فرانسوا هۆلاندە. ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێگەیەکی تایبەتی لەئەجینـدای هۆلاندا هەیە، بەڵام دیارە لەم ئەجیندایەدا فەرەنسـا لەپێشی پێشەوەیەو پاشان ئەورووپـاو دوای ئـەم دوو بابەتە، نـۆرەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دێ.

لەجیهانی ڕۆژئاوادا، لەئەورووپا ئەڵمانەکان و لەدەرەوەی ئەورووپا ئەمریکییەکان زۆر کەیفیان بەبردنەوەکەی هۆلاند نایە بەڵام ئەمە بەم مانایە نایە کەئیدی دەکەونە دژایەتی کردنـی. لێدوانەکانی هۆلاند لەگەرمەی بانگەشـەی هەڵبـژاردن و پـاش بردنەوەی، پێچەوانەی سیاسـەتی ئەڵمانیـا بـوو سـەبارەت بەچۆنێتیی دەربازبـوون لەو قەیرانە داراییەی کە یەکێتیـی ئەورووپا گیرۆدەی بووە. هۆلانـد، بەپێچەوانەی ئەڵمانیاوە، باوەڕی بەسیاسـەتی کەمکردنـەوەی خەرجییەکان نییەو زۆرتر بانگەشـە بۆ چاککردنی سیسـتمی باج و ئەکتیـڤ کردنی ئابوری دەکا کەپێدەچێ ئەمەش، بۆ لەمەودوا، یەکێ لەخاڵەکانی نەسـازانی بێ لەگەڵ ئەڵمانیا. هۆلانـد لەبیروباوەڕدا دەچێتەوە سـەر خێزانگەی سۆسیال دیموکراسی و پێی وایە فەرەنسا پێویسـتی بەدادپەروەرییەکی کۆمەڵایەتیی زۆرتر هەیە.

بۆ ئەمریکییەکان، ئەو بۆچوونە بەسەر بیرکردنەوەیاندا زاڵە کەئەوان لەسـارکوزییەوە نزیکترن و لـەو بڕوایەدان کەفەرەنسـای سـەردەمی سـارکوزی لەگەڵ ئەمریکا تەباترو گونجاوتر بووەو لەم سـەروبەندەدا لەوە نیگەرانن نەبا فەرەنسای سـەردەمی هۆلاند سیاسەتی سەربەخۆتر بنوێنێ.

بۆ کورد، دەشێ سیاسەتی فەرەنسای سەردەمی هۆلاند لەسێ لاوە خۆی لەقەرەی مەسەلەی کورد بدا. بۆ کوردی عیراق، گەڕانەوەی سۆسیالیسـتەکان بۆ سەر حوکمڕانی لەفەرەنسا، بیرەوەریی هەڵوێستی جوامێرانەی فەرەنسایان لەساڵی ١٩٩١ بیر دەخاتەوە، کاتێك سەرۆك فرانسوا میتران لەگەرمەی کۆڕەوە ملیۆنییەکەدا ئەنجومەنی ئاسایشـی هاندا بڕیاری ژمارە ٦٨٨ دەرکا، کەخاڵە سەرەکییەکەی، شەرمەزارکردنی داپڵۆسـینی کوردە لەعیراق. پاشتریش، فەرەنسـا لەڕێی بەشداربوونی لەدارشـتنی ماددەکانی پـرۆژەی ڕێککەوتننامەی پاریس، هەوڵەکانی خۆی بۆ کۆتایی هێنان بەشەڕی ناوخۆی کوردستان خستە گەڕ.


وەك نەریت، کوردی عیـراق لەسۆسیالیسـتەکانەوە نزیکتـرن وەك لەلایەنێکـی تری ناو فەرەنسـاو خودی سۆسیالیستەکان هەمیشە دیدێکی مرۆڤانەترو کراوەتریان بۆ مەسەلەی کورد هەبووە. گەڕانەوەی سۆسیالیستەکان بۆ سەر کار لەفەرەنسا، پاش دابڕانێکی ١٧ ساڵی، دەشێ ببێ بەمایەی پەرەپێـدان و دەمەزردکردنەوەی پێوەندیی دۆستانەی نێوان کوردی عیراق و فەرەنسا.

بۆ کـوردی تورکیا، هێشـتا دیار نییە سیاسـەتی هۆلانـد بەرامبەر بە مەسـەلەکەیان چۆن دەبێ. ئەوەی لەم ڕووەوە دەشـێ پێشـبینی بکرێ ئەوەیە کەفەرەنسـا لەسـەر ڕەتکردنەوەی بوونی تورکیا بەئەندام لەیەکێتیی ئەورووپا بـەردەوام دەبێ و لەم بارەیـەوە هۆلاند بەڵێنی داوە کە لەماوەی پێنج ساڵی داهاتووی دەستبەکاربوونی وەك سـەرۆکی فەرەنسا، ڕێ نادا تورکیا ببێتە ئەندامی یەکێتیی ئەورووپا، هەروەك دەشێ سیاسەتەکەی بەرامبەر بەمەسەلەی جینۆسایدی ئەرمەن درێژەپێدانی سیاسەتی پێشووی فەرەنسا بێ. بەردەوامبوونی ئەم گرژییە لەنێوان فەرەنسـاو تورکیا، دەشـێ پەراوێزێك بۆ هەڵوێستی تر بەرامبەر بەتورکیا پێك بێنێ.

بۆ کـوردی سـوریا، لێدوانەکەی هۆلاند سـەبارەت بەئامادەیی فەرەنسا بۆ بەشداری کردن لەئۆپەراسیۆنێکی سـوپایی لەچوارچێوەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا لەدژی ڕژێمی بەشـار ئەسـەد، بایەخی خۆی هەیە. لەئەورووپا هیچ دەوڵەتێك بەقەد فەرەنسـا بایەخ بەسـوریا نادات، ئەویـش لەبەر دوو هـۆ. یەکێکیان ئەوەیە کەفەرەنسـا ئـەو دەوڵەتەیە کە لەمـاوەی سـاڵانی ١٩٢٠-١٩٤١ داگیرکەری سـوریا بووەو دووەمیشیان ئەوەیە کە سوریا یەکێ لەو دەوڵەتانەیە کەدەڕواننە سەر دەریای ناوەڕاست و لەڕوانگەی فەرەنسـاوە ئـەم هەڵکەوتە جوگرافییە وا لەفەرەنسا دەکا ڕۆڵێك لەچوارچێوەی پرۆژەی هاوکاریی نێوان دەوڵەتەکانی دەوروبەری دەریای ناوەڕاست بەسوریا ببەخشێ.

بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، فەرەنسا ڕۆڵی لەپەیدابوونی مەسـەلەی کوردی سـوریا هەیە چونکە ئەو سنورەی کەسـاڵی ١٩٢٩ لەنێوان تورکیاو سـوریا دیاری کراوە بەهۆیەوە بەشـێکی ناوچە کوردنشـینەکان بەر سـوریا کەوتون، دەستکردنی فەرەنسـایە. پێوەندیی نێوان کوردو فەرەنسـا زۆر پەرەسەندوو نییە بەڵام فەرەنسا کە بەهۆی ڕابردووی کۆلۆنیالیسـتییەوە کاریگەریی لەسەر سوریا هەیـە، پێناچـێ هەڵوێسـتێکی دژ بەمافەکانی کورد بنوێنـێ. بەڵام دەبـێ ئەوە لەبەرچاو بـێ کەپێوەندیی فەرەنسا لەگەڵ ئەنجومەنی نیشتمانیی سوریا لەپێوەندیی لەگەڵ کوردی سوریا پەرەسـەندوترە دەشێ لەئایندەدا، لەکاتی پێویسـتدا، فشار بخاتە سـەر کورد بۆ نواندنی نەرمی لەهەندێ مەسەلەدا.

گومانـی تێـدا نییـە کەسیاسـەتی فەرەنسـا بۆ چڕکردنەوەی فشار لەسەر ڕژێمی ئەسەدو زیاکردنی سزا ئابورییەکان و ڕۆڵی لەئەنجومەنی ئاسـایش بۆ تەنگ هەڵچنین بەدیمەشـق و ئەگەری پشتیوانی و بەشداری کردنی لەدەسـتێوەردانێکی سـوپایی سەرتاسـەری یان سنوردار دژ بەدیمەشق، هەمووی لەبەرەنجامی کۆتاییدا بەقازانجی کوردی سوریا دەشکێتەوە.



فەرید ئەسەسەرد

**گەڕانەوەی سۆسیالیستەکان بۆ سەر کار لەفەرەنسا، پاش دابڕانێکی ١٧ ساڵی، دەشێ ببێ بەمایەی پەرەپێدان و دەمەزردکردنەوەی پێوەندیی دۆستانەی نێوان کوردی عیراق و فەرەنسا**

# گرفتی جوداکردنەوەی چاکە لە خراپ


دکتۆر محەمەد شەریف*

دەڵێـــن، دادپەروەرترین دابەشـــکردن لە نێو ئادەمیزاد عەقڵ و هوشمەندییە، عەقڵیش کە هەموو ئادەمیزادێك بەیەکسانی تێیدا هاوبەشن توانای هەیە بۆ جیاکردنەوەی چاکە لە خراپە، جوانی لە کرێت؛ وەکو گەورە زانایانی ئیسلام لەرەوتی میانڕەوەکان دەڵێن، بۆیە دەبێتە هۆی لێپرسینەوەی مرۆڤی عاقڵ. ئاشکرایە کە هەر مرۆڤێك نێر یان مێ، ژن یان پیاو، بە ئاسانی دەتوانێ چاك لە کردەوەی خراپ جودا بکاتەوە، لە مەتەڵۆکی کوردیدا هاتووە کە جوتیارێکی ســادە بەمەلایەك دەڵێت(من دەزانم ئەم هەموو کتێبانەی تۆ چ دەڵێن؟ دەڵێن چاکە بکە خراپە مەکە). ئەوەیە مەبەســتی ئەو ئایەتە پیرۆزە «ونفس وما سواها فألهمها فجورها وتقواها» خودای گــەورە لە دەروونی هەموو مرۆڤێکی چاندووە چ شتێك بۆی باشەو چ شتێك خراپە، لە وتەکانی پێغەمبەریش هاتووە « الحلال بين والحــرام بين» واتە: ئەوەی دەشــێ بکرێت، بخورێت، روون و ئاشــکرایە، ئەوەی ناشــێ بکرێت، زیانی هەیە، روون و ئاشــکرایە، کە وابێ نە فەتوای مەلایانی دەوێت و نە دوعای پیران.

بۆیەش، گــەورە زانایان و عەقڵمەندەکانی رەوتــی میانــڕەوەکان لە هزری ئیســلامی وتویانە: عەقڵ رێگا پیشاندەری مرۆڤە بەرەو جیاکردنـــەوەی چاکە لە خراپە، یاخود زانینی جــوان و کرێت، جگە لەو شــتانەی دەکەوتە بازنەی ئیمان و باوەڕ.

بناغـــەی ئـــەم بیرۆکەیەیـــان ئەوەیە کە خودی سروشــتی شــتەکان، یا کــردەوەکان، ئاماژە بەیاســای خۆی دەدات، دادپەروەری کە هەر کەســێك دەتوانێت پێناسەی بکات و هەستی پێ بکات نموونەی یاسای سروشتیە، هەروەها ستەم کە خراپە. ئەم بیرۆکەیە لەلایەن فەیلەسوفە گەورەکانی یۆنان، وەکو ئەرستۆ، رواقیيەکان، مەسیحیەکان وەك توماس ئاکوینی باســی لێکراوەو بووەتە پرەنسیپی بنەڕەتی بۆ یاسای سروشتی، کە نزیکەی دوو هەزار ساڵ تاکە بیرۆکەی فەلسەفەی یاسا بووە؛ کە بریتیە لەو بنەماو رەوشتانەی کە عەقڵ بەباشی دەزانی یا پێویستە بۆ بەرژەوەندی ئادەمیزاد، دەبێ ئەو یاسایانەی مروڤ بۆ خــۆی دایدەڕێژێت لە رێگای دەســەڵاتی دانانی یاسا بگونجێ لەگەڵ یاسای زەمیر.

خــودی مافەکانی مرۆڤ، کە یاسای نێودەوڵەتی دەیپارێزێ، لەو بیرۆکەیە دەرچووە. ئەوانە مافی سروشتیان پێدەڵێــن، چونکــە شــەرعیەتیان لەخودی



خۆیانــە کە خودا دایناوە و ژیانی سروشــتی پێویســتی پێیە، وەك مافــی ژیان یا مافی ئازادی، ئازادی ڕادەربڕین، ئەو مافانە یاسا دەیانپارێزێ دروستیان ناکات.

مەبەســتمان لێــرە درێــژەدان نییــە بەلێکۆڵینەوەیەکــی ئەکادیمــی لەبابــەت سەرچاوەکانی زانیاری (مصادر المعرفه) ئایا زانیاری لەناوەوە دەســت پێ دەکات؟ لەگەڵ دروســتبوونی مرۆڤ زانیاری خۆرســکی هەیە، یان کاردانــەوەی ئەزموونی دەرەوەیە، مەبەستمان نییە بچینە گێژاوی گرفتی کێ لە پێشەوەیە یاسا یاخود ماف؟ تەنیا ئاماژەدانە بەم راســتیەی کە هەموو مرۆڤێك شــایەنی بەشــداریکردنە لــە بڕیارەکانــی کۆمەڵگا، فەلسەفەی یەکســانی هەموو مرۆڤەکان بێ بنەما نییە. هەموو تاکێکی کۆمەڵگا، ئەگەر خۆی گێل نــەکات، نەبێتە بەندەی ئارەزووی تایبەتی خۆی، یا خەڵقی تر، چاکەو خراپە بە چاکی لێك دەکاتەوە.

گرفتە گەورەکە ئەوەیە، کە عەقڵ بە تەنیا هێزی دەروونی مــرۆڤ نییە، هێزی تر هەن لەچەند لایەکەوە بەهێزترن وەکو هێزی ئارەزوو کە هەمیشە ڕێگری دەکات لە ویستی عاقڵانەی مرۆڤ، لێرەدا یەکسانیەکە دەکەوێتە گرفتی خۆی، بێگومان ئەوانەی ئیرادەی پۆڵایینیان هەیەو ناکەونە داوی غەریزەی خۆپەرستــی، کاتی خۆیان بەفیرۆ نادەن، ئەوانەی کۆششیان بۆ سەر فرازی کۆمەڵگایەکەیانە یا گەلەکەیان هەیە، ئەوانەی زانســت و شارستانیەت دەبەنە پێشــەوە، کە لە قورئانی پیرۆزدا بەکردەوەی چاك نــاوی دەبات(عمل صالــح)، لەگەڵ پرەنسیبی یەکسانیەکە پایەی تایبەتی خۆیان هەیە لای خواو خەلق.

لێــرەدا، دەتوانین بڵێین، مرۆڤ، کەخاوەنی بەهــای قەدرگرانی هۆشــەوە، دەتوانێ جوان و کرێت جیاواز بکاتەوە، دەبێ چەواشــەکردن قەبووڵ نەکات.

بۆنموونە، ئیســلام کە خاوەنی ڕاســترین دوکیۆمێنتی ئاســمانیە، بەدەســتاو دەستی جەمعی پێمان گەیشتووە کە هەموو پرەنسیبە ئەخلاقیەکانــی لەخۆگرتــووە، ئاماژەی بە پرەنسیبی چاکترین شت کردووە بۆ پابەندبوون پێیەوە، چ لە ڕەوشتی تاك یا کۆمەڵ (أحسن ما أنزل) کەچی لەکۆنەوە، ئێســتاش زیاتر، تووشــی کەســانێك بووە کە ڕووی بێگەردی ئیسلامیان شاردۆتەوە بۆ بەرژەوەندی تایبەت، لەرێگای چەواشــەکردنی خەلــق، لەهەموو لایەکــەوە، بۆیە دەبینی زۆر شــت هەیە بڵاو بووەتەوە وەکو بەشێك لەدین، کەچی نە ڕاستە و نەدروســت، هیــچ بنەمایەکــی نییە، بە پێچەوانەوە زۆرشــت هەیە لەو دنیای تازەیە هاتۆتە پێش لەنێــو ئەو وەرچەرخانە گەورەی بەســەر شارســتانیەت هاتووە، وەکو ئازادی دەربڕین، دیموکراســی، یەکسانی ژن و پیاو، نەفرەت لــە بەندایەتی، کــە لەگەڵ ڕوحی ئیسلام دەگونجێ، بەموخالفی ئیسلام لەقەڵەم دەدرێ، درێژەدان بەم بابەتە سەدەها لاپەڕەی دەوێ و ئەوانەی تێگەیشتبوون کە ئیسلام جگە لەبازنەی ئیمان- دینی، تەنیا زەمانی خۆیی نییە، زەمانیش لە گۆڕینی بەردەوامە، چاکەو حیکمەت لە کوێندەرێ، ئیســلام پێشــوازی لێدەکات، نەوەك نەفرەت، ئەوانە مەردانە لەکۆن و تازە خوێندنەوەی هاوچەرخانەیان بۆ کردووە، دووریش نەبوون لەو پرەنســیپە بنەڕەتیەی کە لەدەروونــی هەر مرۆڤێکی موســڵمان هەیە، ئەویش جیاکردنەوەی چاکە لە خراپە. راســتە ئیســلام وەکو (فقە) بەو مانایە سادەیە نییە، فقە زانینی بڕیارەکانی شــەریعەیە بەبەڵگە، بەڵگــەش دەقەکانــی قورئــان و وتەکانــی بێگومانی (صحیح)ی پێغەمبەرە کە بەبۆنەی شــەرعدانانەوە فەرموویەتی، ئەوەش قسەی دنیایی ناگرێتەوە، بەداخەوە لێرەدا تێکەڵاوی زۆرە، ئەرکێکی گەورەیەو لەسەر مامۆستایانی فقە تائێستا بەتەواوی جێبەجێ نەبووە. زانایانی فقە وتوویانە لەبەرئەوەی دەقەکان دەژمێردرێن (معدود) کــردەوەی لێپرســراوان (مکلفین) دوایی نییە (غیر معدود) پێویستیمان بە چەند ســەرچاوەی تر هەیە وەکــو ( قیاس ) واتە: چونکە تازەکە بەکۆنەکە دەچێ بڕیارەکە هەر وەکو کۆنەکە دەبێ کە دەقی لەسەرە. لەکۆنەوە وتراوە، لەزەمانی یۆنانییەکان: ئەگەر هۆیەکە یەکێکە، دەبێ یاســایەکەش یــەك بێت، ئێمە لەنوێســازییەکەمان باســی حیکمەت دەکەین لەجێگای قیاس یان سەرچاوەکانی تر، چونکە قورئــان چەند جێن فەرمویەتــی (ویعلمکم الکتــاب والحکمه) دووشــتمان فێر کردوون، یەکەم کتاب، کە دەکاتە ئەو بڕیارانەی دینی کە لە هێزی عەقڵدا نییــە بەتەواوی دەرکی بکات، دووەم حیکمــەت، وەکو زانای گەورە راغبی أصبهانی دەڵێ: ئەو بڕیارانەیە خودی عەقڵی مرۆڤ درکی دەکات .

دیارە سروشتی دەق کە وشەو مەبەستەکانی لەخــۆ دەگرێ، بەهەر زبانێــك بێ زۆر مانا هەڵدەگرێ، بۆیە بۆچوونی جیاواز زۆرە لەفقە بێ ئەوەی ئەم راســتییە بشــاریتەوە کە هەر بڕیارێکی فقهی لەگەڵ سوودمەندی کومەڵگا نەبێت نابێتە ئیسلامی، چونکە پوختەی وتنی زانایان لەبابــەت فقهی ئیســلامی ئەوەیە: بڕیارەکانی شەریعە بۆ مەنفەعەی خەڵقە.

***سەرۆکی کۆڕبەندی هزری ئیسلامی**

**ئیسلام کە خاوەنی ڕاستترین دوکیۆمێنتی ئاسمانیە، بەدەستاو دەستی جەمعی پێمان گەیشتووە کە هەموو پرەنسیبە ئەخلاقیەکانی لەخۆگرتووە، کەچی کەسانێک ڕووی بێگەردی ئیسلامیان شاردۆتەوە بۆ بەرژەوەندی تایبەت، ئەوەش لەرێگای چەواشەکردنی خەڵکەوە**

**هەر بڕیارێکی فیقهی لەگەڵ سوودمەندیی کومەڵگا نەبێت نابێتە ئیسلامی، چونکە پوختەی وتنی زانایان لەبابەت فیقهی ئیسلامی ئەوەیە: بڕیارەکانی شەریعە بۆ مەنفەعەی خەڵکە**

**لە وتەکانی پێغەمبەر هاتووە «الحلال بین والحرام بین»واتە: ئەوەی دەشێ بکرێت، بخورێت، روون و ئاشکرایە، ئەوەی ناشێ بکرێت، زیانی هەیە، روون و ئاشکرایە، کە وابێ نە فەتوای مەلایانی دەوێت و نە دوعای پیران**

**زۆر شت هەیە بڵاو بووەتەوە وەکو بەشێک لەدین، کەچی نە ڕاستە و نە دروستە، هیچ بنەمایەکی نییە، زۆرشت هەیە لە دنیای تازەدا هاتۆتە پێش وەکو ئازادی دەربڕین، دیموکراسی، یەکسانی ژن و پیاو، نەفرەت لە بەندایەتی، کە لەگەڵ رۆحی ئیسلام دەگونجێ، کەچی بەموخالفی ئیسلام لەقەڵەمی دەدەن**

## محەمەد حافز بۆ گوڵان:

# ئیخوان موسلمینی میسر لە نێوان نەهزەی تونسی و سەلەفیەکاندایە جارێ نازانرێت بەلای کامیاندا هەنگاو هەڵدەگرێت

**پرۆفیسۆر محەمەد حافز ئوستادی زانستی سیاسەتە لەزانکۆی میزوریی و تۆژەرە لە ئامۆژگای ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ ئاشتی (USIP) و تایبەتمەندە لەسەر پرسی حزب و تەیارە ئیسلامیەکان لەوڵاتانی عەرەبیدا، بۆ قسەکردن سەبارەت بە ڕەوتی هەڵکشانی ئیسلامیەکان چەند پرسیارێکمان ئاڕاستەکردو بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە.**




*** زۆرێك لە شارەزایان پێیان وایە هۆکاری توندڕەوی وڵاتە ئیسلامی و ڕۆژهەڵاتیەکان بریتیە لە ئاین. پرسیارەکە ئەوەیە لە کاتێکدا هەموو ئاینێك بانگەشە بۆ ئاشتی و پێکەوەژیان دەکات، بۆچی ئاین دەگۆڕدرێت بۆ سەرچاوەی توندوتیژی، کاتێك بە سیاسی دەکرێت؟**

- بە دڵنیاییەوە ئەوە ڕوون و ئاشکرایە کە توندڕەوی هۆکارێکە بۆ توندوتیژی و من نازانم چۆن ئیزافەیەکم هەبێت بۆ ئەم مەسەلەیە. لە ڕاستیدا دەکرێت ئاین بۆ ئاشتی و بۆ توندوتیژیش بەکار بهێنرێت. بۆ نموونە ئێمە مەسیحی ئوسوڵیمان هەیە، هەروەها جولەکەی ئوسوڵیمان هەیە، بە هەمان شێوە ئیسلامی ئوسوڵیشمان هەیە، کە ئاین بەکار دەهێنن بۆ بەرەودان بە توندوتیژی، بەڵام ئەمە بە مانای ئەوەنییە کە ئاین نابێتە سەرچاوەی ئاشتی، لەبەرئەوەی ئاین باس لە سۆز و میهرەبانی، لە لێبوردەیی و عەدالەت دەکات. بەڵام بە داخەوە هەندێك جار کەسانێك هەن خەڵکانی دیکە بەوە تاوانبار دەکەن کە لە ئاین دەرچوونەو لە خوا دوورکەوتونەتەوەو بەم شێوەیە ئاین بەرەو توندوتیژی دەبەن.

*** زۆربەی پارتە سیاسە ئیسلامیەکانی وڵاتانی عەرەبی پێیان وایە ئەتوانن خۆیان لەگەڵ دیموکراسیدا بگونجێنن، بەڵام کاتێك بەشداری لە پرۆسە دیموکراسیەکەدا دەکەن ئەوا تاوەکو دەگەنە دەسەڵات پابەند دەبن بە دیموکراسیەوە. بە بۆچوونی ئێوە، چۆن پارتە سیاسیە ئیسلامیەکان ئەتوانن ببنە هێزێکی دیموکراسی بۆ ئەوەی بەشداری لە ژیانی سیاسیدا بکەن؟**

- هەندێ پارت و ڕێکخراوی ئیسلامی هەن، وەك جیهادی و سەلەفیەکان کە دیموکراسی ڕەتدەکەنەوە، بەڵام پارتگەلی دیکە هەن وەك ئیخوان و نەهزە لە تونس و دادو گەشەپێدان لە تورکیا کە بەشداری لە پرۆسەی دیموکراتی لە هەڵبژاردن و لە پەرلەماندا دەکەن، کە لەم ڕووەوە پشت بە هەندێ مەسەلە دەبەستن، وەك بوونی «شورا» لە ئیسلامدا کە بە مانای پرس و ڕاوێژ دێت، هەروەها باس لە ئیجماع دەکرێت، لەگەڵ پرسی ئەوەی لە ئایندا ناچارکردن نییە» لا اكراه فی الدين»، واتە هەموو ئەمانە بەهایەکی دیموکراتیان هەیە، بە مانای ئەوە دێن کە دەبێت پرس و ڕاوێژ لەگەڵ خەڵکدا بکەیت، دەبێت بگەیتە ئیجماع و کۆدەنگی و ناتوانیت بیروبۆچونی خۆت بەسەر خەڵکدا بسەپێنێت.

*** کاتێك باس لە ئیسلام و دیموکراسی دەکرێت، ئەوا باس لە پارتە مەسیحیەکانی ئەوروپا دەکرێت کە خۆیان لەگەڵ دیموکراسیدا**




**گونجاندووە، هەندێ لە شـــارەزایان پێیان وایە جیاوازییەکە لە نێوان ئاین و دیموکراسیدا نییە، بەڵکو لە نێوان پارتە ئیسلامییەکانی ڕۆژهەڵات و پارتە مەسیحییەکانی ڕۆژئاوادایە. کەواتە بە تێڕوانینی ئێوە جیـــاوازی چییە لە نێوان ئەو دوو پارتەدا؟**


- بە دڵنیاییـــەوە جیاوازیی هەیـــە، بەڵام لە پێوەندیدا بەوەی پارتێکی ئاینی ببێتە پارتێکی دیموکراتـــی، ئەوا ئەمە شـــتێکی مومکینە، ئەمەمـــان لە تورکیـــا، لە ئەندەنوســـیا و لە تونس بینی، واتە هیچ شـــتێك نییە لە پارتە ئیسلامییەکاندا ڕێگر بێت لەوەی بەشداری لە پرۆســـە دیموکراســـییەکەدا بکەن و بە ڕاستی بایەخ بە دیموکراسی بدەن. بەڵام لەگەڵ پارتە مەسیحیە دیموکراتیەکاندا کە بە ئەزموونێکی هاوشـــێوەی خۆگونجاندندا تێپەڕین بۆ ئەوەی بتوانن بەشداری لە دامەزراوە دیموکراتیەکانی ئەوروپادا بکەن.

*** هەڵكشانی چالاكی ئیسلامی لە زۆرێك لە وڵاتە عەرەبییەكاندا بەدی دەكرێت. لەم ڕووەوە گفتوگـــۆ لەبارەی هەندێ مۆدێلەوە دەكرێت. وەك مۆدێلی تورکیا و تونس. هەروەها مۆدێلی ئیخوان موسلمین و سەلەفیەکانی میسر هەیە. ڕاگەیاندنی جیهانی تەفزیلی مۆدێلی تورکیا و تونس دەکات، نەك ئیخوان و ســـەلەفیەکان، بۆچونی ئێوە چییە؟**

- مەسەلە فراوانەکە ئەوەیە کە هەندێ پارتی ئیسلامی وەك سەلەفیەکان ڕێگایەکی دوورو درێژیان لەپێشـــە بۆ گونجانـــدن و گۆڕینی بەرنامـــەی سیاســـی و گوتاری سیاســـیان بـــۆ ئەوەی بتوانن بەشـــداری لـــە دامەزراوە سیاسیەکاندا بکەن، من نیگەرانم لە ئاست ئەم گرووپانە. بـــەڵام لەلایەکی دیکەوە ئەو پارتە ئیســـلامیانەش هەن کە سازشـــی مێژوویيان کردووە دووبارە تەفســـیریان بـــۆ قەناعەت و باوەڕەکانیـــان کردۆتەوە بۆ ئـــەوەی بوار بە بەشداریەکی دیموکراسی ڕاستەقینە بدەن، لە ئێســـتادا ئیخوان موســـلمین لە نێوان ئەم دوو گرووپەدایە، ئیخوان موســـلمینی میســـر بە چەشنی سەلەفیەکان ڕەفتار ناکات، هەروەها هاوشـــێوەی پارتی دادو گەشەپێدانی تورکیا و نەهزەی تونســـیش نییە، پێـــم وایە ئەمەش تەحەددی بەردەم ئیخوان موسلمینە بۆ ئەوەی لە ســـاڵانی داهاتوودا هەنگاو بەرەو پێشـــەوە بنێت، ئایا پابەند دەبێت بە دیموکراسیەوە و ئایا ســـازش دەکات؟ یان هەڵوێست و ڕەفتارەکانی لە ڕەفتاری سەلەفیەکانەوە نزیك دەبێت کە لە ڕووی مێژووییەوە دیموکراسیان ڕەتکردۆتەوە؟

*** ئەگەر لایەنە ئیســـلامیەکان دیموکراسی بـــە بەرهەمێکی ڕۆژئاوایـــی بزانن و ئەگەر بیانەوێت مۆدێلێك لـــە حکومەت دابمەزرێنن کە ئیسلامی بێت، ئەوا تا چ ڕادەیەك لایەنە ئیسلامیەکان ئاراســـتەی دیموکراسی بەرەو توندوتیژی دەگۆڕن؟**

ئاشـــکرایە کـــە ئەگەرچی ئـــەوە ئەگەرە، بەڵام ئێمـــە ئەمەمان لە جەزائیـــر بینی لە سەرەتای نەوەدەکاندا، لەجەزائیر ئیسلامیەکان ســـەرکەوتووبوون بەڵام سوپا دەســـتێوەردانی کردو هەڵبژاردنەکەی هەڵوەشـــاندەوەو ڕێگەی نەدا فۆرمێکی توندوتیژی ئیســـلامی بەسەر جەزائیـــردا بســـەپێنرێت، کەواتـــە ئۆباڵەکە تەنها لە ئەســـتۆی پارتە ئیسلامیەکان نییە، بەڵکـــو لە ئەســـتۆی حکومەتیشـــە بەوەی چۆن مامەڵە لەگەڵ ئیســـلامیەکاندا دەکات، ئایـــا دادپەروەرانە ڕەفتار دەکـــەن و ئایا بوار بـــە هەڵبژاردنێکی ڕاســـتەقینە دەدەن و ئایا ئەنجامی هەڵبژاردنەکان قبوڵ دەکەن؟ کەواتە توندڕەوی بەرهەمی چۆنیەتی مامەڵەکردنی حکومەتە لەگەڵ بزووتنەوە ئیســـلامیەکاندا، نـــەك تەنیا بەرهەمی ئایدۆلـــۆژی بزووتنەوە ئیسلامیەکان بێت.




**بە داخەوە هەندێك جار کەسانێك هەن خەڵکانی دیکە بەوە تاوانبار دەکەن کە لە ئاین دەرچوونەو لە خوا دوورکەوتونەتەوە، بەم شێوەیە ئاین بەرەو توندوتیژی دەبەن**

**لە ئایندا ناچارکردن نییە «لا اکراه فی الدین» واتە هەموو ئەمانە بەهایەکی دیموکراتیان هەیە. بە مانای ئەوە دێن کە دەبێت پرس و ڕاوێژ لەگەڵ خەڵکدا بکەیت. دەبێت بگەیتە ئیجماع و کۆدەنگی و ناتوانیت بیروبۆچوونی خۆت بەسەر خەڵکدا بسەپێنیت**

**هەندێ پارتی ئیسلامی وەك سەلەفیەکان ڕێگایەکی دوورو درێژیان لەپێشە بۆ گونجاندن و گۆڕینی بەرنامەی سیاسی و گوتاری سیاسیان بۆ ئەوەی بتوانن بەشداری لە دامەزراوە سیاسیەکاندا بکەن**

**لە سەرەتای نەوەدەکاندا، لەجەزائیر ئیسلامیەکان سەرکەوتووبوون. بەڵام سوپا دەستێوەردانی کردو هەڵبژاردنەکەی هەڵوەشاندەوەو ڕێگەی نەدا فۆرمێکی توندوتیژی ئیسلامیانە بەسەر جەزائیردا بسەپێنرێت**



## ستیڤن برێخن بۆ گوڵان:

# حکومەتی باش بەرژەوەندی گشتیی دەپارێزێت و لەگەڵ کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕێکخراوە ناحکوومییەکاندا هەماهەنگ دەبێت

پرۆفیسۆر ستیفن ئار بێخن ئوستادی سیسیۆلۆژییە لەزانکۆی ماکسوێل و تایبەتمەندە لەسەر پرۆسەی پەرەپێدان و ڕۆڵی ڕێکخراوە ناحکومیەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، بۆ قسەکردن لەسەر قۆناخی پرۆسەی پەرەپێدان لە وڵاتانی تازە پێگەیشتوو و ئاستەنگەکانی ئەم قۆناخە و ڕۆڵی حکومەتی ئەکتیف بۆ سەرخستنی ئەم پرۆژەیە، چەند پرسیارێکمان ئاراستەی پرۆفیسۆر بریخن کرد کە ئەمە دەقەکەیەتی.

*** لە وڵاتانی تازە پێگەیشتوو، قۆناخی پەرەپێدان قۆناخێکی تازە و سەختە، هەروەها لەم قۆناخەدا جۆرێك لە ناهاوسەنگی دروست دەبێت، بەتایبەتی لە نێوان هەژار و دەوڵەمەندا، بەڕای بەڕێزتان ئایا چۆن هاوسەنگی دەخوڵقێندرێت لەمیانی پرۆسەی پەرەپێداندا بەوشێوەیەی کە تیایدا ئاستی هەژاری کەمبکرێتەوە؟**

- بۆ ئەوەی پرۆسەی پەرەپێدان سەرکەوتوو بێت پێویستە قازانج و سەرچاوەکان لەنێوان خاوەن بەرژەوەندی و گرووپەکان بە یەکسانی دابەشبکرێت، هەڵبەتە وەدیهێنانی ئەو شتە زەحمەتە و میکانیزمەکانی بازاڕ بوار لەمڕووەوە فەراهەم دەکات، بەڵام کاتێك کە حکومەت دەستێوەردان نەکات لەبەر ئەوەی سروشتی بازاڕ وا هەڵکەوتووە کە سەرچاوەکان بگوازرێتەوە لە زۆرینەوە بۆ دەستە گرووپێکی بچووک، بەڵام حکومەت چەندین ڕێگەچارەی جیاوازە دەگرێتەبەر بۆ دەستێوەردان، بۆنموونە لەڕێگەی دانانی باج یان لەڕێگەی دیکە بۆ مەبەستی دووبارە دابەشکردنەوەی سەرچاوەکان، بەڵام چەندین ڕێگەی جیاواز هەیە بۆ بەرزکردنەوەو بەرەوپێشەوەبردنی دۆخی گرووپە داهات ئاست نزمەکان بۆ ئەوەی لە چالاکییە جیاوازەکاندا سوودمەندبن لەزمنیشیان ئەو گرووپانەی کە لە بازاڕدان، هەر بۆیە ئەم پرسە پەیوەستە بە چۆنیەتی ڕێکخستنی بازاڕ و چۆنیەتی جێبەجێکردنی چالاکییەکان، بەڵام ئەمە مەسەلەیەکی ئاڵۆزە و نزیکەی یەك سەدەیە مشتومڕ لەسەر پرسی پەرەپێدان و ئابووری هەیە، هەر بۆیە ڕێگەچارە هەیە بەڵام پێویستیی بە مومارەسەی پراکتیکی هەیە.

**لەقۆناغی پەرەپێدانداا حکومەت چەندین ڕێگا چارە دەگرێتە بەر بۆ ڕێکخستنەوەی بازاڕ و چۆنیەتی جێبەجێکردنی چالاکییەکان**

*** زۆرجار لەپێناو پاراستنی هاوسەنگی لە کۆمەڵگەدا حکومەت هەڵدەستێت بە پیادەکردنی پرۆسەی چاودێری کۆمەڵایەتی، بەواتای هەموو خەڵکی پێکار دەکات بە مووچەخۆری حکومەت، بەوشێوەیەش حکومەت دەکەوێتە ژێر بارێکی قورسەوە و ناتوانێت خزمەتگوزارییەکان وەك پێویست بۆ خەڵك دابینبکات، بەڕای تۆ ئایا تاچەند پرۆسەی چاودێری کۆمەڵایەتی تواناکانی هاووڵاتیان سڕدەکات؟**

- من لەگەڵ ئەو بۆچووندام کە پێویستە حکومەت هەماهەنگ بێت و پێکەوەکارکردنی هەبێت لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕێکخراوە ناحکومییەکان، لەبەرئەوەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕێکخراوە ناحکومییەکان دەتوانن ئەو شتانە دابین بکەن کە حکومەت ناتوانێت ئەنجامیان بدات، لەبەرئەوەی ئەگەر هات و حکومەت نەیتوانی بەپێی پێویست خزمەتگوزاری و سەرچاوەکان دابین بکات بۆیە پێویستە بەدوای سەرچاوەی دیکە بگەڕێین و لێرەیشدایە کە دەکرێ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕێکخراوە ناحکومییەکان کاریگەر بن و ڕۆڵی خۆیان بگێڕن، هەربۆیە بەڕای من پێویستە لەسەر حکومەت و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕێکخراوە ناحکومییەکان پێکەوە و لە نزیکەوە کاربکەن لەپێناو بەرزکردنەوەی سەرچاوەکان و تواناکان و هەروەها هەوڵدان بۆ خستنەڕووی کێشە و ڕووداوە گرنگەکان بۆ هاووڵاتیان.

*** پسپۆران پێیانوایە کە لە پرۆسەی پەرەپێداندا لە وڵاتانی تازەپێگەیشتوو هەوڵدان بۆ وەدیهێنانی عەدالەتی کۆمەڵایەتی هانی هاووڵاتیان دەدات بۆئەوەی ئاکتیف بن و هەست بە نائومێدی نەکەن، بەڵام وەك دیارە عەدالەتی کۆمەڵایەتی پێویستیی بە سەروەری یاسا و دامەزراوەی بەهێز هەیە، بەڕای تۆ چۆن دەتوانرێت عەدالەتی کۆمەڵایەتی بچەسپێندرێت لە وڵاتانی تازەپێگەیشتوو کە تیایاندا دامەزراوەکان لاوازن؟**

- ئەمە تەحەددایە، دووبارەی دەکەمەوە: لێرەدا ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕێکخراوە ناحکومییەکان دێتە ئاراوە و کە دەکرێ سوودیان هەبێت، هاوکات دەکرێ سیستەمی نێودەوڵەتیش لەمڕووەوە سوودبەخش بێت، پرسیارەکانتان زۆر قورسە و وەڵامدانەوەیان بەو ئاسانییە نییە، بەڵام من پشتگیری دەکەم لە دروستکردنی سیستەمی فرە ڕێکخراوەیی لەسەر ئاستە جیاوازەکاندا بۆ ئەوەی پێکهاتە جیاوازەکانی کۆمەڵگە هەماهەنگ بن و پێکەوە کاربکەن لەسەر جێبەجێکردنی چالاکییەکان لەڕووی پەرەپێدانی ئابووری، هەڵبەتە وەدیهێنانی ئەمەیش پێویستیی بە هەماهەنگی و هاریکاری هەیە لەسەر ئاستە جیاوازەکان و لەنێوان ڕێکخراوە جیاوازەکان، هەروەها پێویستە بەکاریگەرییەوە چالاکییەکان جێبەجێبکرێت و هاوکات پێویستە شەرعییەتی هەبێت، بۆ ئەم مەبەستەیش گرنگە هاووڵاتیانیش بەشێك بن لەم پرۆسەیە بەو ئاستەی کە دەنگیان بیستراو بێت و وەڵامدانەوە هەبێت لەبەرامبەر خواستەکانیان، بەڵام ئەگەر هات و حکومەت گوێگرتن و وەڵامدانەوەی بۆ هاووڵاتیان نەبوو ئەوکات ئەمە دەبێت بە کێشەیەکی گەورە لەبەردەم پەرەپێدانی ئابووری.

**ئەو وڵاتانەی خاوەنی دامەزراوەی بەهێز نین چەسپاندنی عەدالەتی کۆمەڵایەتی بەتەحەددایەکی گەورە دادەنرێت**

**ئەگەر هات و حکومەت گوێگرتن و وەڵامدانەوەی بۆ هاووڵاتیان نەبوو، ئەوکات ئەمە دەبێت بە کێشەیەکی گەورە لەبەردەم پەرەپێدانی ئابووری**

*** زۆرجار بەهۆی شکستی پرۆسەی پەرەپێدان خەڵك پرۆسەی دیموکراسی رەتدەکەنەوە، چونکە پێیانوایە کە پێویستییان بە دیموکراسییەت نییە، بەڕای تۆ هۆکارەکان چین لەپشت شکستی پەرەپێدان لە پرۆسەی بونیادی دیموکراسی؟**

- ئەمە بابەتێکی مشتومڕ لەسەرکراوە و زۆربەی پسپۆران پێیانوایە کە پەرەپێدان پێویستیی بە بونیادنانی دامەزراوەی دیموکراسیی بەهێز هەیە، بۆیە پێویستە دامەزراوەی بەهێز بونیاد بنرێت کە تیایدا دەنگی هاووڵاتیان فەرامۆش نەکرێت، دیموکراسییەت پرۆسەیەکی زۆر هەڵخەڵەتێنەرە و پێویستیی بە بەها و دامەزراوەی بەهێز هەیە لەنێو هاووڵاتیان و گرووپە جیاوازەکان، هەروەها پێویستە ئاستێك متمانە و لێکتێگەیشتن هەبێت لەنێوان گرووپ و



پێکهاتە جیاوازەکان لەپێناو سەرکەوتنی دیموکراسییەت، پێویستە هاووڵاتیان هەڵستن بە بەڕێوەبردنی دامەزراوەکان و کەرتە جیاوازەکانی کۆمەڵگە، هەربۆیە لە هەندێك لە وڵاتەکاندا پێویستە پەرەپێدانی ئابووری بهێندرێتەدی بۆ مەبەستی پاڵپشتی لە برۆسەی دیموکراسی، بەڵام ئەم مەسەلەیە ئاڵۆزە و پێویستیی بە بیرکردنەوەی قووڵ و وریاییەکی زۆر هەیە.

*** هەندێك لە پسپۆران پێیانوایە کە سەرکەوتنی پرۆسەی پەرەپێدان پێویستیی بە حکومەتی باش هەیە، بەڕای تۆ ئایا حکومەتی باش چۆن لە قۆناغی گواستنەوەدا دروست دەبێت؟**

- ئەوە زەحمەتە، دووبارەی دەکەمەوە: من لەگەڵ ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕێکخراوە ناحکوومییەکان-م، بەڕای من ئەو ڕێکخراوانە دەتوانن زۆر شت وەدیبێنن لەڕێگەی هەماهەنگی و پێکەوەکارکردن لەگەڵ حکومەت، ئەگەر بێت و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕێکخراوە ناحکوومییەکان — لەسەر ئاستەکانی لۆکاڵ و نێودەوڵەتی — لەژێر چاودێری بن و بەشێوەیەکی دروست هەڵبژێردرابن ئەوە پێموایە کە دەتوانن بە هەماهەنگی لەگەڵ حکومەت زۆر شت بێننەدی، هەربۆیە بەڕای حکومەتی باش ئەو حکومەتەیە کە کاردەکات لەپێناو پاراستن و بەرزڕاگرتنی بەرژەوەندییە گشتییەکان و بەرژەوەندییەکانی هاووڵاتیان، هەروەك ئاماژەم پێکرد حکومەتی باش دەتوانێت لەگەڵ ڕێکخراوە ئاکتیڤەکاندا کاربکات لە نێو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕێکخراوە ناحکوومییەکان بۆنموونە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ئەمریکای ناوەڕاست لەگەڵ حکومەت هەماهەنگن لەپێناو وەدیهێنانی هەندێك

**پەرەپێدان پێویستیی بە بونیادنانی دامەزراوەی دیموکراسیی بەهێز هەیە. بۆیە پێویستە دامەزراوەی بەهێز بونیاد بنرێت کە تیایدا دەنگی هاووڵاتیان فەرامۆش نەکرێت**

**ئەگەر بێت و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕێکخراوە ناحکوومییەکان – لەسەر ئاستەکانی لۆکاڵ و نێودەوڵەتی – لەژێر چاودێری بن و بەشێوەیەکی دروست هەڵبژێردرابن ئەو کات دەتوانن بە هەماهەنگی لەگەڵ حکومەت زۆر شت بێننەدی**

لەو چالاکییانەی کە حکومەت ناتوانێت جێبەجێیان بکات.

*** ئەمڕۆ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان پشتگیری و یارمەتی بۆ ئەو وڵاتانە دابین دەکەن کە سەرکەوتووبوون لە پرۆسەی پەرەپێدان، بەڕای تۆ ئایا پێوەر و ستاندەرەکان چین بۆ سەرکەوتنی پرۆسەی پەرەپێدان و تەواوبوونی قۆناغی گواستنەوە؟**

-من بەشێوەیەکی تەواو بەدواداچوونم نییە لەبارەی سەرکەوتن و شکستی پەرەپێدانی جیهانی ...و تاد. بەڵکو من زیاتر بایەخ بە ڕێکخراوە گەورەکان دەدەم وەکو بانکی جیهانی کە دەکرێ هەندێکجار سوودبەخش بێت و هەندێك جاری دیکەیش بێسوودە، لەبەرئەوەی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان هەندێك جار سوودیان هەیە و هاریکارن، بەڵام هەندێك جاری دیکەیش سوود بە بەرژەوەندییەکانی وڵاتە پێشکەوتووەکان دەگەیەنن، هەربۆیە ئەم مەسەلەیە پەیوەستە بە بارودۆخ و حاڵەتەکان، بەڕای من دەکرێ سەیری پێوەرو ستاندەرەکان بکرێت لەڕووی پێداویستییەکانی هاووڵاتیان و هەڵسەنگاندنێك بکرێت بۆئەوەی بزانین تاچەند پێداویستییەکان جێبەجێکراون بۆنموونە لەسەر ئاستی پەروەردەیی کە تاچەند کۆمەڵگە خوێندەوارە یان نا، لەسەر تەندرووستی و زانینی ڕێژەی چارەسەرکردنی کێشە تەندرووستییەکان و ڕێژەی چارەسەرکردنی هاووڵاتیان، لەگەڵ ئاستی داهاتەکانی هاووڵاتیان و گوزەرانیی خێزانەکان و ئاستەکانی

فەراهەمکردنی هەلی کار، بەڕای من ئەم لایەنانە باشترین پێوەرن بۆ هەڵسەنگاندنی پەرەپێدان.

*** تاچەند پێتوایە کە هەردووك لە پرۆسەکانی بونیادنان و دیموکراسی لە وڵاتانی تازەپێگەیشتوودا پێکەوە و لە یەك کاتدا دەتوانن سەرکەوتووبن؟**

- ئامانجی دیموکراسییەت بریتیە لەوەی کە دەنگ و خواستی هاووڵاتیان لەلای حکومەت بیستراو بێت و کە حکومەت کار لەپێناویان بکات، منیش لەگەڵ ئەم بۆچوونە هاوڕام و پێموایە کە پێویستە حکومەت گوێگرتن و وەڵامدانەوەی لەبەرامبەر هاووڵاتیان هەبێت بۆئەوەی پەرەپێدان بێتەدی، هەربۆیە بایەخی دیموکراسییەت لەوەدایە کە بوار فەراهەم دەکات بۆ تاك و خێزان و هاووڵاتیان کۆمەڵگە لەڕووی ئازادی رادەربڕین و گوزارشت لەخۆکردن، هەروەها بۆ ئەوەی بتوانن ئازادنە خواست و داواکارییەکانیان بخەنەڕوو، لەگەڵ بەرپرسیارکردنی حکومەت و دەستەبژێری سیاسی بۆئەوەی وەڵامدانەوەیان هەبێت، بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکەتان دەڵێم لەمڕووە ئەگەری هەیە بەڵام بەو مەرجەی دامەزراوەکانی حکومەت بەشێوەیەکی دروست بونیادنرابن و دیموکراسییەت هەبێت بەو ئاستەی کە هاووڵاتیان ئازادی رادەربڕینیان هەبێت و هەڵبژاردنی دیموکراسی بەڕێوەبچێت و هاووڵاتیان ئازادبن لە گوزارشت و رووداو و مەسەلەکانی رۆژانە تاوتۆبکەن بەبێ ئەوەی ترسیان لە حکومەت هەبێت، بەڕای من پێویستە ئەو دوو پرۆسەیە پێکەوە بەڕێوەبچن و هەندێك جار هاوتەریب بەڕێوەدەچن، بەڵام ئەم تێکەڵەیە کەمێك ئاڵۆزە لەبەرئەوەی هەندێك جار لێکدەترازێن.

**حکومەتی باش دەتوانێت لەگەڵ ڕێکخراوە ئاکتیڤەکاندا کاربکات چ لە نێو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی یان ڕێکخراوە ناحکوومییەکان**

# بەڕێوەبەرایەتی و سەرکردایەتی



عەبدولڕەحمان سدیق

بەڕێوەبەرایەتی: جووڵەیەکی بازنەییە، ڕۆژانە چەندبارە دەبێتەوە، هۆکارە نەك ئامانج، بەڵام سەرکردایەتی: جووڵەیەکی ئاسۆییە بۆ بەرەو پێش چوون، یان ستوونییە بۆ سەرکەوتن.

بۆیە بەڕێوەبەرایەتی بێ سەرکردایەتی: پرۆسەی خولانەوەیە لە جێی خۆیداو، هۆکاری بێ ئامانجە.

سەرکردایەتییش بەبێ بەڕێوەبەرایەتی: پرۆسەی چوون بۆ ئامانجە بەبێ هۆکار.

بۆیە لێرەوە زۆر گرنگە ئاماژە بەچەند سیفەتێکی بەڕێوەبەری سەرکردە، یان سەرکردەی بەڕێوەبەر بدەین:

یەکەم: پێویستە کەسی سەرکردە، ئەندامەکانی فێری ناسینی هۆکارەکانی گەیشتن بەئامانج بکات، نەك هەر باسی ئامانجەکانیان بۆ بکات، وەك گوتراوە واباشە فێری ماسی گرتنیان بکات، نەك هەر ماسییان بداتێ.

دووەم: متمانە بەهاوکارانی بدات و، لەخەمی تێگەیاندن و پێگەیاندنی نەوەی نوێی جێگرەوە بێت و، وەك پرۆڤە کردنیش جاروبار دەرفەت بدات بە هاوکارانی بۆ ڕاپەڕاندنی هەندێك کار.

سێیەم: زۆر نەچێتە نێو چۆنیەتی ئەنجامدانی کارەکانەوە. وەك جۆرج باتۆن دەڵێت (پێیان بڵێ چی بکەن، بەڵام مەڵێ چۆنی بکەن) چونکە کاری سەرکردە ئەوەیە کە دواجار ڕێگەچارە بدات.

چوارەم: پێویستە سەرکردە کەسێکی بینراو بێت، نزیك بێت، خۆی پیشان بدات، بگەڕێت بەنێو هاوکارانیدا، ئەوسا کاری بۆ دەکەن چونکە خۆشیان دەوێت، نەك لەبەر ئەوەی لێی دەترسن، چونکە ئەو بەپێی پێویست بەسەریان دەکاتەوە.

پێنجەم: کێشەکان بە هێمنیی چارەسەر دەکات. گیانی وەرزشیی و قسەخۆش و ڕووی خۆشی هەیەو، دان بەهەڵەی خۆیدا دەنێت.

شەشەم: جیاوازیی دەکات لەنێوان هەڵەو هەڵەکاردا. ڕەخنەی لە کارەکەیە نەك لە بکەرەکەی. سەرزەنشتەکانیشی کاتین، نەك بۆ تا هەتایی.

حەوتەم: سوپاسگوزارەو خەڵات بەخشە، دەستخۆشییەکانی بۆ کارە نەك بۆ بکەر. لەحاڵەتی باش و جواندا وێنەی هاوکارانی دەگرێت. هەڵسەنگاندنیشی بەپێوەری بەدیهێنانی ئامانجە نەك بەرەهایی.

هەشتەم: کارەکانی دابەش دەکات و، کات و شوێنی کاری هاوکارانیشی دیاری دەکات و، کاری گونجاو لەشوێنی گونجاو دەداتە هاوکارانی.

نۆیەم: بایەخ بەکات دەدات و، خۆ دوور دەگرێت لەهەژموونی کتوپڕی، خێرایە بەڵام پەلەی نییە.

دەیەم: ڕەخنە لەخۆ دەگرێت. دەزانێ خۆی کێیە با خەڵکیش نەزانن ئەو کێیە.

یازدەیەم: بەدواداچوون و موتابەعەی هەیە نەك پشتگوێ خستن و لۆمەکردن. وەك خۆپارێزیی پێشوەختیش لەبڕیاردانی هەڵە، هاوکارانی تاقیدەکاتەوە پێش ئەوەی لەپۆستێکدا جێگیریان بکات، کەسیش بۆ تا هەتا لەشوێنێك دانانێت.

دوازدەیەم: جیاوازیی دەکات لەنێوان ماوەی خزمەتگوزاریی هەرکەسێك و شارەزایی کەسێکی دی لەو کارە، بۆ هەر کارێکیش سیفەتێکی کەسەکەی دەوێت نەك کەسەکە خۆی. سوود لە سیفەتی هەرکەسێکیش لەشوێنی خۆیدا وەردەگرێت.

سێزدەیەم: خاوەن پەیامە نەك داواکاری پۆست. زیادەکاری هەیە، نەك کەمکردنەوە لە ئەرك.

لەهەندێك مافی خۆیشی خۆش دەبێت. چاوی لەو شتانەش نییە کە لەدەستی خەڵکیدان و، دیارییش لەکەسێك وەرناگرێت لەبەرامبەر کارێك کە بۆی ئەنجام دەدات.

چواردەهەم: دڵخۆشیی و کامەرانیی ئەو لەو کارەدایە کەئەنجامی دەدات. ئەو وشانەش لەئاخاوتندا بەکاردێنێت کە لە دڵی مرۆڤەوە بۆ دڵی مرۆڤ دەڕۆن.

# دوو دیمەن..!

یادەوەرییەکان گەڕاندمیانەوە بۆ (٢١) بیست و یەك ساڵ لەمەوبەر، بۆ چەند ڕۆژێك دوای ڕزگارکردنی شاری هەولێر و پێش ڕزگارکردنی شاری کەرکوك، کاتێك لەگەڵ دۆستێکی دێرین دیمەنێکی یەکجار دڵخۆشکەرمان لە شەقامی دەوری قەڵای هەولێر بە چاوی خۆمان دی. سەرتان نایەشێنم دیمەنەکە بریتی بوو لە (٢) دوو کامیۆنی گەورە کە پڕبوون لە پێشمەرگە وجەنگاوەری ئامادە باش و چەك لە سەر شان بۆ ڕزگارکردنی شاری کەرکوك بە ڕێ دەکەوتن. لەوکاتەدا دۆستەکەم ڕووی دەمی لێکردم و لێیپرسیم:تۆ بڵێیت بتوانن کەرکوك ڕزگارکەن ؟. خێرا و بێ بیرکردنەوە وەڵامم دایەوە وتم: بێگومان. ئەمجارەیان لێیپرسیم : بۆ ئەوەندە دڵنیاو گەشبینیت ؟. لە وەڵامدا پەنجەم بۆ دیمەنەکەی بەردەممان ڕاکێشا، کە چۆن (٢) دوو لاوی ئەم شارە بەردەم هەر (٢) دوو کامیۆنەکەیان گرتبوو ڕێگەیان پێ نەئەدان بکەونە ڕێ تا ئەمانیش سوار نەکەن، بەڵام کامیونەکەیان پڕ بوون و جێگای کەسی تری تیادا نەئەبووەوە و هیچ پێشمەرگەوجەنگاوەرێکی ناو کامیونەکانیش ئامادە نەبوون کە شوێنی خۆیان بۆ (٢) دوو لاوەکە چۆڵ بکەن. بۆیە بە دۆستەکەمم وت : «دڵنیام چونکە هیچ هێزێك نییە بتوانێت خۆی ڕاگرێت لە بەردەم پێشمەرگە و جەنگاوەرێکدا کە خاوەنی ئەو بڕوا پۆڵاییە و وره بەرزە بێت» ئەمەیان دیمەنی یەکەم بوو کە بە چاوی خۆم بینیم پێش (٢١) بیست و یەك ساڵ لەمەوبەر لە شاری هەولێر.

هەرچی تایبەتە بە دیمەنی دووەم، کە دیمەنێکی یەکجار ناشیرین و بێزراو و قێزەون بوو، ئێوارەی سێشەمە، ڕێکەوتی (٨) ی هەشتی ئەم مانگە، لە ڕێگای کەناڵە ئاسمانیەکانەوە چەند جارێك بینیم و بریتی بوو لە: «پەلاماردانی پەرلەمانی کوردستان، کە بەرهەمی خوێنی جەنگاوەرەکان و پێشمەرگەکانی دیمەنی یەکەم و هەموو شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریخوازی نەتەوەکەمانەو هێمای پیرۆزییەتی گەلەکەمانە. لەو دیمەنەدا دیم کە چۆن خەڵکانێك، بە دارو ئاسن و بەرد، بە ڕق و قینێکی زۆرو کەم وێنەوە هەوڵی تێکدان و کاولکردنی پەرلەمان دەدەن. ئەم کۆمەڵە خەڵکە کە ئاسان نییە ناسنامەیان بۆ بدۆزیتەوە بڕوا ناکەم جگە لە دژایەتی کردنی ئەم گەلە ستەمدیدە، هیچ شتێکی تر کۆی کردبنەوە».

بینینی دیمەنی دووەم هاوکات بوو لەگەڵ بینینی دیمەنی سەردانەکەی سەرۆك وەزیرانی عێراق و جێگرە دوژمن بە کوردەکەی، بۆ شاری «کەرکوك. هەر لەو شارەشەوە سەرۆك وەزیرانی عێراق بانگەوازی نکۆڵیکردنی لە کوردستانیەتی ئەو شارە دێرینەی کورد ڕاگەیاند.


لە بارودۆخێکی ئاوادا چەندین پرسیاری جۆراوجۆر بە بیردا دێت کە جێگای خۆیەتی ئاماژە بە هەندێکیان بکەین و بپرسین:

- ئایا ئەکتەرەکانی دیمەنی دووەم هەمان خەڵکی ئەم شارەو ئەم هەرێمە نین وەك ئەکتەرەکانی دیمەنی یەکەم ؟
- ئایا ئەکتەرەکانی دیمەنی دووەم نامۆن بەم گەلەو ڕۆڵەو و خزم و کەسوکاری ئەکتەرەکانی دیمەنی یەکەم نین؟
- دەکرێت پەنجەی تاوان بۆ ئەکتەرەکانی دیمەنی دووەم درێژ بکەین؟
- ئایا ئەکتەرەکانی دیمەنی دووەم سەربازی شەترنج وخەڵکانێکی هەڵخەڵەتێنراو و ساویلکەن یان خەڵکانێکی هۆشیارن و بە پێی پرۆگرامێکی دیاریکراو کار دەکەن؟
- گەر ئەکتەرەکانی دیمەنی دووەم خەڵکانێکی ساویلکە و هەڵخەڵەتێنراوبن ئەو لایەنانە کێن کە لە پشتیانەوەن و تەفرەیان داون؟
- لە بارودۆخێکی وەك دیمەنی دووەم چۆن مامەڵە لەگەڵ دۆخەکە بکەین بۆ ئەوەی بە کەمترین زیان لێی دەرچین؟

لە کاتی بینینی دیمەنێکی وادا ئەمانە وچەندین پرسیاری تر بە بیردا دێ، بەڵام گرنگترین پرسیار، کە پێویستی بە وەڵامی یەکلاکەرەوە هەیە بریتیە لە:

ئەو هۆکارانە چین کە دوای (٢١) بیست و یەك ساڵ لە دەسەڵاتی خۆماڵی دیمەنی یەکەمی گۆڕی بۆ دیمەنی دووەم ؟

بە بۆچوونی ئێمە گرفتەکانی هەرێمی کوردستان و چارەسەرکردنیان خۆی لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا دەبینێتەوە، بە مەرجێك وەڵامێك بێت زانستیانەو ڕاشکاوانە هۆکارەکان دەستنیشان بکات و چارەسەری گونجاویان بۆ بدۆزیتەوە.



پ. د. ئازاد نەقشبەندی